**چیرۆک و بەسەرهاتی ڕاستەقینە**

# ئەو فرمێسکانەی وشک ناکەن

**ڕەووف محەممەد ئالانی**

**٢٠٠٩**

ناوی کتێب: ئەو فرمێسکانەی وشك ناکەن
بـــــابەت: چیرۆك و بەسەرهاتی ڕاستەقینە
نـــووسەر: ڕەووف محەمەد ئالانی
تـ ـــــایپ: سۆران شەریف محەمەد
بەرگ و دیـــزاین: حیکمەت مەعروف
تـــــــــــــیراژ: ١٠٠٠ دانە
چـــــــــاپخانە: گەنج
ژمارەی سپـــاردن: ( ١٥٩٨) ی ٢٠٠٩

**ئەم بەرهەمە پێشکەش بێت بە :**

*** دایكم و باوكم**

*** یەكەم مامۆستام كە فێری نووسینی یەكەم پیتی كردم.**

*** ئەو لاوانەی لە سەرفەری نادیاردا گومناو بوون.**

*** ئەو مرۆڤانەی هەمیشە بە دوای ڕاستیدا دەگەڕێن.**

*** ئەو كیژە بێنازانەی بوونە كۆڵو.**

*** ئەو مرۆڤانەی لە بێ هیوایشدا تروسكەی ئومێد ون ناكەن.**

## لە بری پێشەکی

خوێنەری هێژا: ئەم نامیلکەیەی بەردەستت پێکهاتەی چەند چیرۆکێکی ڕاستەقینەی ناوکۆمەڵی کوردەوارییە، ئەو کاتەی کە لە ڕادیۆی دەنگی گەلی کوردستان ئامادەکار و پێشکەشکاری چەند بەرنامەیەك بووم، لەوانە (ڕوانگەی هونەر و ڕازی ئاواز و گۆرانی) و چەند بەرنامەیەکی تایبەت لە یاد و بۆنەکاندا. هەرکەسێك کار دەکات لە هەر بوارێکدا بێت و ستایل و تایبەمەندی خۆی هەیە، لە بەرنامەی بێدارانی شەو کە یەکێك لە بەرنامە ڕاستەوخۆکانی ئیزگە بوو بە چەند هۆکارێك لەلایەن بەڕێوەبەری ئێزگە و مەکتەبی ڕاگەیاندنەوە ڕاگیرا، کە لەلایەن کەسێکی ترەوە ئامادە و پێشکەش دەکرا، چەند جارێك داوام لێکرا کە من ئەو بەرنامەیە ئامادە و پێشکەش بکەم، بەڵام ڕازی نەبووم لەبەر دوو هۆ، یەکەم شێوازی بەرنامەکەم بە دڵ نەبوو، دووەم حەزم نەدەکرد بچمەسەر بەرنامەی کەسێکی تر، کە من بەرنامەکەم وەرنەگرت درایەوە بەو کەسە. پاش ماوەیەکی کورت دیسان بەرنامەکە ڕاگیرایەوە و بۆ جارێکی تر لەلایەن ئیدارەی ئێزگە و هاوڕێکانم داوام لێکرایەوە کە وەریبگرم، چونکە ئەو بەرنامەیە بە تەواوی لەو کەسە سەندراوەتەوە و نایدرێتەوە، بۆیە بە باشیان دەزانی نەدرێت بە کەسێکی تر، دیارە منیش کە

پێشتر پێمووتبوون بڕوام بەو بەرنامەیە نییە بەو شێوازەی ئێستا، بۆیە ئەگەر من وەریبگرم دەستکاری لەم سێ لایەنەدا دەکەم (ناو و ناوەڕۆك و کات) ی بەرنامەکە. ئیدارەی ئێزگە لەسەر دووان لەو سێ لایەنە رازی بوون، تەنها ناوی بەرنامەکە نەبێت پێیان باش بوو وەك خۆی بمێنێ، لەسەر ئەوە رێککەوتین و لە ( ١١ / ٥ / ٢٠٠٨ ) یەکەم بەرنامەی بێدارانی شەوم پێشکەشکرد. ئەم چیرۆکانە لەم بەرنامەیەدا پێشکەشکران وەك یەکێك لە تەوەرەکانی بەرنامەکە لە هەر شەوێکدا. لە بەرهەمێکی تردا دێمەوەسەر تەوەرە سەرەکییەکانی بەرنامەی بێدارانی شەو ئەگەر بوار هەبوو کە ماوەی یەك ساڵ و ١٠ رۆژ تەمەنی بەرنامەکە لەگەڵ مندا بوو. پاشان بە ویستو خواست و داوای خۆم کۆتایم پێهێنا و ماڵئاوایم لە گوێگرانی و ئەو بەرنامەیە و بەرنامەکانی تریشم کرد، بە هیوام خزمەتێکم بە گوێگر کردبێت و لە رێگەی ئەو خزمەتەوە روح و ویژدان و قەڵەمەکەشم ئاسوودە کردبێ. سەرنجی تۆی خوێنەریش بۆ ئەم چیرۆکانە رابکێشم سەرکەوتن هەر بۆ راستی و وشەی پیرۆزی کوردییە.

رەووف محەمەد ئالانی
١ ی ئابی ٢٠٠٩
سلێمانی

## پەیڤەکانی پێش دەستپێکی بەرنامەی بێدارانی شەو

ئازیزان و خۆشەویستان، بێداران: هەموو کارکردنێك پێویستی بە نەخشە و پلانی گونجاو و داڕێژراو هەیە، کاری ڕۆژنامەنووسی و ڕاگەیاندنیش بە هەمان چەشن پێویستی بەو شێوازە هەیە، دیارە بەرنامەی بێدارانی شەویش یەکێکە لە بەرنامە باش و جوانەکانی دەنگی گەلی کوردستان، وەك هەمووشمان دەزانین کە ڕەوتی ژیان و هەلومەرجەکان پێویستیان بە گۆڕانکاری هەیە، بە تایبەت ڕاگەیاندن، و لە ڕاگەیاندنیشدا بەرنامەکان. لەسەر بنەمای گۆڕانکاری و بەپێی یاسا ئەرکی ئامادەکردن و پێشکەشکردنی بێدارانم پێ سپێردرا، ئەوەی مەبەستمە تەنها خزمەت بە گوێگرانی بەرنامەکە و دەنگی گەلی کوردسانە، کە لای من بۆتە مینبەرێکی ئازا و ئازاد، کە پێشتریش ئەم ئیزگەیە لە شاخ و شۆڕشدا ڕۆڵ و کاریگەری باشی لەناو کۆمەڵی کوردەواریدا بەرجەستە بووە و تاقە دەنگێکی کورد بووە کە میللەتێك لە سایەیدا بەرهەمی ڕاپەڕینی چنیوەتەوە، و ڕاستگۆ بووە لە پەیامی جوانی ڕاگەیاندندا. منیش وەك خوێندکارێك لەم مینبەرەدا چەند ساڵێکە خزمەت بە گوێگران دەکەم، دیارە لەمەودوا ئەرکی من قورستر دەبێ کە بەرنامەیەکی وەك بێداران

ئامادە و پێشکەش بکەم، داواکارم لە گوێگرە ئازیزەکان هاوکار و پشتیوانیمان بکەن لە سەرخستن و پێشخستنی بەرنامەکە، بە شێواز و جۆرێکی نوێ تا گشت لایەك بە تایبەت ئازیزان و خۆشەویستانی بێدار لە ژێر سایە و ساباتی ئەم بەرنامەیەدا بۆ چەند ساتێ ئارامی ببێتە میوانی هەست و هۆشیان، ئێمەش بتوانین وەك خزمەتکارێك بۆیان شەوانە لە کاتی پێشکەشکردنی بابەتەکان لە خزمەتیاندا بین. ئازیزان ئەمشەو یەکەم شەوە دەنگی ئێمە لەم بەرنامەیەوە ئاشنا دەبێت بە هەستی بیستنتان، داواتان لێ دەکەم بە سەرنج و بابەت و پێشنیازەکان لەم گۆڕانکارییەدا زیاتر بەرنامەکەتان بەرەوپێش ببەن، منیش دڵنیاتان دەکەم کە بێ جیاوازی لە ڕەگەز و بیروباوەڕ هەمووتان هاوڕێ و ئازیز و خۆشەویستی منن، جارێکی تر هیوای خۆشی و شادی و سەرفرازی بۆ ئێوەی زۆر بەڕێزی گوێگر ئاواتمە.

***

وەکو دەنگی زەنگی زرنگەی تەرزەی پاش بارانی بە خوڕ، کە زەوی پاش شۆردنەوە بە دەنکە مرواری سپی دەڕازێتەوە. وەکو شنەی شەماڵ و نەسیمی بەیانیان لە دارستانێکی چڕی کوردستاندا، کە مرۆڤ تامەزرۆی ئەو شنەیە بێت وەکو دەنگی چەوی کانییەکی روونی ئەم وڵاتە کە ئاوەکە

سەمای پێ دەکات لەگەڵ ئەوانی تردا جوانترین ئاوێزانی بێگەردی دەردەخەن. وەکو قاقای کەسانی خۆشنود لە گەرمەی بیستنی پەیڤە دڵفڕێنەکاندا بۆ ژیان و کامەرانی. وەکو گمەی کۆترێك بەسەر چڵی بەرزی درەختەوە کە تەعبیر لە بینینی دیمەنی بینراو بە چاوی دەکات. وەکو خوێندنی کەوێك لە نزار و کۆسارێك تا سەربڵندی خۆی بە دەوور و بەرەکەی بگەیەنێ. وەکو گوڵەبەڕۆژەیەکی بە وادە کە چاوەڕوانی زەردەی خۆرە و بە دەووری مەعشوقەکەیدا دەگەڕێ و تێر نابێت. وەکو هەنگێك کە هەرچی بۆن و بەرامەی ڕۆحییەتی هەیە دەیبەخشێتە گوڵێك. ئازیزان ئێمەش هەروا دەمانەوێ بە پەیڤەکانی شەو دڵی بێدارتان شاد بکەین و خەوی دوای بیستنی دەنگمان ئارامی تا سەحەر و بە ئاگابونەوەتان بێت. وا ئەمشەویش هاتینەوە بۆ دیواخانەکانی دڵتان و دەمانەوێ شەوچەرەی وشە و روناکی چرا بین لەم شەوەدا.

***

لە تاسەی دڵی پڕ لە هیوا و لە ئاواتی پڕ لە حەزی خوازراوی هەست، لە حزوری دیدە و ویستی چاوانی گەش، لە شەوی ئەنگوستەچاو و دنیای ماتی بێدارانی شەو، لە جریوەی ئەستێرە و مانگەشەوی ئاواتی شەو، لە دەنگی سازی ئاوی شەو، لە شنەی شەماڵی جوانی، کە درەختەکان دەخاتە سەما.

لەم شەوە جوان و ئارامە کە ئەنگوستە نازدارە، ئەمجارەش لەم شەوەدا روحمان ئاوێزانی شادی و خۆشنودی دەکەین، پەپولە نازدارەکانی شەو بێدار دەکەینەوە و بە چرای بەرنامەکەی بێداران گەشتیان پێ دەکەین بۆ گوڵی ئاڵی ئارامی و دەیانبەخشینە باخچەکانی دڵتان.

***

لەگەڵ گەواڵە هەوری بەهاراندا ئێمەش دێین و مژدەی ژان و ئازاری ئاسمان لە بەیەکدا کێشانی بروسکە و چەخماخەدا بارانی ئاوات رادەگەیەنین. وەك پەلکەزێڕینەی رەنگاوڕەنگی قەدپاڵی شاخ و کێوان لە پاش باران تابلۆی سروشت دەنەخشێنین. هێلانەی گوێسەبانەی دڵی باڵداری عاشقان لە نائارامی داڵدەدەین. دەبینە لانەی ئەو دڵانەی لە سەرما و بەفری زستان بێ لانەن و خەم دەیانتەزێنێ. دەبینە جۆگەلەی ئاوی کێڵگەیەك کە لە دوورترین دێراو چاوی رێحانەڕەشە تامەزرۆ و تینووە و پاراوی دەکەین، دەبینە ئەو ژوانگەیەی کە چاوی چاوەڕوانی ئەوینداران بە تاسەوە لێی دەڕوانن.

ئازیزان ئێمە دڵمان بە ئێوەی هاوڕێ گەشتر دەبێت و هیوا و حەزەکانمان چرۆ دەکەن، بە هیواین ئێوەش بۆ ژووانی بەرنامەی بێداران بەو جۆرە بن، لەم شەوە ئارامەدا میوانتانین

خوازیارین میوانی ئێسك سووکی ماڵی دڵەکانتان بین. لەگەڵ ماڵئاوایی گزنگی زەردەی ئێواراندا کە ریشاڵی روناکی تەلیسماوی بەسەر چیا و رەوەز و دوندی کێواندا پەخشان دەکات، و مانگی جوان و شێوە کەوانییەکەی کە ئاراستەی پێچەوانەی خۆر بەدی دێت و دەبێتە میوانی شەو و نائومێدی دەرەوێنێتەوە، ئازیزان بە هیواین ئێمەش وەك مانگی گەشی جوانی چواردە لەم شەوەدا روناکی بەخش بین و ئارامی بە دڵ و رۆحی گوێگرانمان ببەخشین، وا ئەمشەویش لەگەڵتانین تا لە رێگەی بەرنامەی بێدارانی شەو ببینە میوانتان، ئاسودەیتان ئاواتمانە.

***

کە زەردەی ئێواران لەسەر کێو و شاخەکان تیشکی ئەفسونی ماڵئاوایی بە زەریا دەبەخشێ، لە ئاوێنەی دڵی زەریادا بیرەوەری ئەبەدی جێدەهێڵێ، بۆیە زەریا دڵی بۆ خۆر کردۆتەوە و میوانی هەمیشەیی رازەکانییەتی، رازیش نهێنی پەنهان و خواستی بێدەنگی زمانی دڵە، زمانی دڵیش ترپەی پڕ لە زایەڵەی ناو ئەو تەلبەندەیە کە چوار دەووری دڵی داوە و بۆتە دالدەی سۆز و هەناسە، هەر فرمێسکە گەشەکانی چاوان و قوڵپی گریانی گەروو رایەڵەی ئەوین و سۆز و وەفا و دڵسۆزی وا دەکات لەگەڵ بێداری بێداران بین، و خەم هەڵگری ئەوان و

دڵسۆز بین بۆ پێزانین و ئەمەکی ئەو دڵانەی کە لەسەرو وادەی دابڕانە کورتەکانیشدا هەستمان بە گەورەترین سکالاّ دەکرد، و بەشێنەیی بە گوێی دڵ و ڕۆحماندا ئەیانچرپاند، با ژووانەکانی شەومان هەر بەردەوام بێت و بتوانین هەمووممان زەمەنە تاریکەکانی ڕۆح بە چرا و شەمعی ڕاز ڕوناك بکەینەوە و لە سایە و ساباتی بەرنامەی بێداراندا ئامێز بۆ یەکتر بگرینەوە، و خۆشنودی پەخش بکەین و هاوڕێ و هاوسەفەری ڕێگای بڕینەوەی ڕێگا دورەکان بین، و ژیان لە سەرابی نائومێدی دەرباز بکەین و جیهانێکی ئارام و ئاسوودە بۆ گشت کەسێك بخولقێنین.

سوپاس بۆ ئەو هەستە بەرزانەی وەفا و ڕاستگۆیی دەچێنن، سوپاس بۆ ئەو دەستە بەئەمەکانەی کە دەستە لەرزۆکەکان دەگرن و ئومێدیان پێ دەبەخشن، تا بە باشی بجوڵێنرێن و لە جوانکردنی ژیاندا ڕۆڵیان هەبێت. سوپاس بۆ دەنگی زوڵاڵی دڵسۆزان. سوپاس بۆ ویست و خواستی ڕاستگۆیان. بە هیوای بەخشینی شادی و کامەرانی و ئاسوودەیی بۆ گشت گوێگرانی بێدارانی شەو.

●●●

## ئەم مینبەرەی فریادڕەسە

زۆرجار مرۆڤ بەهۆی چەند کەسێکەوە، ڕێگەی فریادڕەس بۆ ناخۆشی و کێشە و گرفتەکانی دەدۆزێتەوە، ئەو مینبەر و شوێنەی کە دەکرێ نهێنیەکانی دڵ بکاتەوە و لەو دەرگا کڵوم دراوانە بدات کە تووشی دەروونی مرۆڤ دێن، ئەو کلیلەی کە ئاشنامان دەکات بە ژوورە تاریکەکانی دڵ و ئاشنامان دەکات بە قوژبن و کەلێن و درزەکانی ژیان، ئەویش ڕاگەیاندنە، ئەم لایەنەی ژیان ئەگەر بە باشی بەکاربهێنرێت بۆ کێشەکانی کۆمەڵگە و چارەسەرکردنی گرفتەکانی دەروونی تاک بە ڕۆڵی خۆی هەڵدەستێ، بەرنامەی بێدارانی شەویش ئەوەندەی پێی کرا بێت، ڕووبەڕووی کێشەکان وەستاوە و ڕێگەچارەی گونجاوی بۆ ئەو کەسانە داناوە کە هانایان بۆ هێناوە، ئەم چیرۆکەش یەکێکە لە چیرۆکە ڕاستەقینەکان کە پاڵەوانەکەی بەرنامەی بێدارانی شەوە و تیایدا بۆتە چارەسازێکی باش و ژیاندۆست. ژیان کیژێکی شۆخ و شەنگ و ژیرە تەمەنی (١٦) بەهارە و دڵی بە وشەی خۆشەویستی و دڵداری ئۆقرەی گرتووە و لە هەستیدا لانەی بۆ کمال کردۆتەوە و نزیکەی شەش مانگە دڵخوازی یەکترن، لەگەڵ ئەم هەموو جوانی و

ئارامی و ژێرییەی ژیاندا، کمال کوڕێکی کەمتەرخەم و بیٚ کەسێتی و بیٚ هەست، بەڵاٚم لای ژیان خۆی وا نیشان نادا وا پێناسەی خۆی دەکات کە خەڵکی ڕێزی دەگرن و بە ڕاستی ژیانی خۆشدەوێت. کمال جگە لە ژیان پەیوەندی لەگەڵ سیٚ کیژی تردا هەیە و نایەڵێت کەسیان بە ئەوانی تر بزانیٚ، لەم وڵاٚتەدا کوڕان دڵیان لای هاوڕێکانیان دەکەنەوە و ڕازە تایبەتییەکانیان دەدرکێنن، بەڵاٚم کچان زۆرجار هانا دەبەن بۆ دایکانیان و نهێنییەکانی خۆیان لایان ئەدرکێنن، ژیان لەبەرئەوەی خوشکی گەورەیە لە ماڵدا و دایکیشی بەسەر خوشکە بچوکەکەیەوە ماڵئاوایی لە ژیان و منداڵەکانی کردووە، بۆیە ژیان هانا دەبات بۆ ئەڤینی دراوسیٚ و هاوڕێی تا ڕازی دڵی خۆی بۆ بکاتەوە، ئەڤینیش دەڵیٚ ژیان گیان پیرۆزت بیٚ، بەڵاٚم توخوا ئاگات لە خۆت بیٚ کوڕی ئێستا جێگەی متمانە نین، منیش کوڕێکم خۆشدەویٚ ئێمە وەك خوشك واین پێویستە دڵ بۆ یەکتر بکەینەوە، ئەڤین لە شێوەی باڵاٚو سیمای ئەویندارەکەی ژیان دەپرسیٚ و ژیانیش بە ڕاستی وەڵاٚمی دەداتەوە، لەم ساتەوە ئەڤین گومان دروست دەکات کە ئەو کوڕەی ژیان باسی دەکات خۆشەویستی ئەویشە، بۆیە ئەڤین بە ژیان دەڵیٚ حەز دەکەم ئەویندارەکەت ببینم بزانم پەسەندی دەکەم، ڕۆژێکی تریش تۆ ئەوەی من خۆشمدەویٚ ببیینە بزانە

لات پەسەندە، بێ ئەوەی ژیان و كمال هەست بەوە بكەن مەبەستی ئەڤین چییە، ژووان دادەنێن و دەچنە پاركێك، ژیان ئەڤین ئاگادار دەكاتەوە لە كات و شوێنی ژووانەكەیان، كمال و ژیان بەرەو ژووان دەڕۆن و ئەڤینیش بە جیاو پاش ئەوان دەگاتە ئەو شوێنە، لە دوورەوە كمال و ژیان دەبینێت و خورپە بە دڵی دەگات، ساتێ هەست دەكات بۆچوونەكەی راست دەرچوو كمالی خۆشەویستی لەگەڵ ژیاندایە، بۆیە بە پەلە بەرەو روویان دەچێت، كاتێ كمال ئەڤین دەبینێ رەنگی دەپەشۆكێ و دەیەوێت بڕوات، ژیانیش دەڵێ ئەوە چییە كمال بۆ وا تێكچووی، كمال ئەڵێ هیچ نییە با بڕۆم ئێستا دێمەوە بۆ لات، بەڵام فریا ناكەوێ بڕوات ئەڤین دەگاتە لایان و خۆی پێناگیرێ‌و دەست دەكات بە قسە وتن بە كمال و پێیدەڵێ تۆ ئەگەر خاوەن كەسێتی و كەسێكی بەشەرەف بوویتایە درۆت لەگەڵ من نەدەكرد و كەسێكی ترت خۆشنەدەویست. لەم كاتانەدا ژیان بە سەرسوڕمانەوە ئەڵێ: ئەڤین بۆ قسەی وا دەكەی؟ پێتخۆشە من قسە بە خۆشەویستەكەت بڵێم؟ ئەویش ئەڵێ تۆ ئەڵێی چی ژیان خۆشەویستەكەی من كەماڵە، كەمال بە پەلە ئەڕوات و ئەو شوێنە جێدەهێڵێ و ژیان و ئەڤینیش لەبەر ئاڵۆزی دەروونیان دەكەونە قسە وتن بە یەكتر و چەند كچێك لێیان نزیك دەبنەوە و یەكێكیان كە خوێندكاری زانكۆیە و

کچێکی ژیرە دەیەوێ لە کێشەکەیان تێبگات و دڵنەواییان بکات، ئەوانیش کێشەکەیان بۆ باس دەکەن، کچەکەش دەڵێ من دەمەوێ ئەو کێشەیەی ئێوە بدەم بە بەرنامەیەك تا ئەو کوڕەی خیانەتی لێ کردوون، رسوا بکرێت و ئێوەش پەند وەربگرن بۆ ژیانی خۆتان، ژیان و ئەڤین دەڵێن: ئەو بەرنامەیە ناوی چییە؟ ئەویش دەڵێ: بەرنامەی بێدارانی شەوە. ئەوانیش بە خۆشحاڵییەوە دەڵێن: ئێمە گوێگری ئەو بەرنامەیەین و بەرنامەی هەموومانە، وێڕای سوپاس و ئەمەك و خۆشەویستیمان بۆ ژیان و ئەڤین و ئەو کیژەی ئەم بابەتەی بۆ ناردووین پێیاندەڵێین: واز لەو کوڕە بێنن و جارێکی تر مەهێڵن کەسانی ئاوا خراپ دڵتان داگیر بکەن و ئێوەش هەمیشە هاوڕێ و خوشکی راستی یەکتر بن، تا کەسێك بە باشی نەخەنە باری سەرنج و نەیناسن خۆشتان نەوێت، ئازیزان بە باشمان زانی ئەم چیرۆکە لە ساڵیادی بەرنامەی بێدارانی شەو پێشکەشتان بکەین و دووپاتی راستگۆیی و دڵسۆزی و وەفای مرۆڤدۆستی بۆ گشت گوێگران دووبارە بکەینەوە و بەردەوام بین لە خزمەتکردنی گوێگرانمان.

***

## ئەنفال لە بیرەوەری کچە کوردێکەوە

هەناری تەمەن (٢١ ساڵ) خوێندکاری زانکۆ لە چاوپێکەوتنێکی ڕۆژنامەوانیدا ئەوەی بەسەر خێزانەکەیدا هاتووە بۆمان دەگێڕێتەوە.

هەنار دەستی کردەناو جانتاکەی و کلێنسەکەی دەرهێنا و بە دەم تاسەی بیرکردنەوە، دەستی کرد بە هەڵکێشانی هەناسەی سارد و فرمێسك ڕشتن، تەنانەت دڵی منیشی یەکجار تەنگ و خەمبار کرد. منیش تەسجیلەکەم خستە سەرمێزەکەی بەردەمی و لەگەڵ ئەودا نوقمی خەیاڵێکی خەمئامێز بووم، هێندە بێ ئارام بووم لەگەڵ گێڕانەوەی ڕووداوەکە ببوومە یەکێك لەو کەسانەی کە لەناو چیرۆکی گێڕانەوەکەیدا بوون، کاسێتەکەم هەڵگێڕایەوە و جارێکی تر تێکەڵ بە ڕووداوەکان بووم، ئەوەندەمزانی هەنار هەستا و کورسی و مێزەکەی بەجێهێشت، و بەرەو گۆڕەپانی زانکۆ جێیهێشتم. منیش هەستام تا فریای بکەوم کە نزیك بوومەوە لێی وتی: ببورە هەموو ڕووداوەکەم بۆ گێڕایتەوە، تکایە با تۆزێك ئارام بگرم و پشوو بدەم، ئەمڕۆ جارێکی تر زامەکانی دڵم زامار بوونەوە و خوێنیان لێ ئەچۆڕێ، منیش داوای لێبووردنم لێ کرد و

بەجێمهێشت. ئێوارە گەڕامەوە ماڵەوە و دەستم کرد بە نووسینەوەی چیرۆکە تۆمار کراوەکە، کە بەو جۆرەی هەنار بۆی گێڕامەوە و تۆمار کرابوو، هەنار ئەڵێ: من لە یەکێك لە گوندەکانی گەرمیان لە دایك بووم و تەمەنم (٢١ساڵ)ە واتە ساڵی (١٩٨٨) من نۆبەرەی دایکم و باوکم بووم، وەك خزمەکانم بۆیان باس کردووم پاش چەند مانگێك لە پرۆسەی هاوسەرگیری دایکم و باوکم، ڕۆژێ دایکم بە باوکم دەڵێ: مژدەت ئەدەمێ قادر گیان چەند مانگێکی تر دەبیتە باوك! باوکیشم لەگەڵ دایکم دەست دەکەنە پێکەنین و دەڵێ: خۆش موژدەبی نەسرین گیان. چەند مانگێکی پێدەچێ بارودۆخی گوندە ئازادکراوەکانی کوردستان لەبەر تۆپباران و هێرشی دوژمن هەراسان دەبن، حکومەت بڕیاری هێرش دەدات بۆ سەرگوندەکان، باوکم دەچێتەسەر باخ و کێڵگەکانمان، تۆپباران دەست پێدەکات، خەڵکی گوند شپرزە دەبن و نازانن رووبکەنە کوێ، وەك بۆیان باس کردووم ئەو ڕۆژە خوێنێکی زۆری خەڵکی گوند، ناوگوندو کێڵگە و شوێنەکانی سوور کردبوو، بە سیمای خەڵکەکەوە گریان و خەمێکی زۆر زۆر بەدی دەکرا، تۆپباران کەمێ بێدەنگ بوو بە هاوار و بانگ کردن دەیانزانی کێ بەرکەوتووە و گیانی سپاردووە، هەر خەڵك لەو ڕۆژەدا زانیان باوە قادرم تۆپێکی دوژمن لە نزیکی دابوو یەکسەر

گیانی سپارد بوو، خەونەكەی نەهاتەدی تا منی تاقانە و نۆبەرەی لە باوەش بگریٚ! سوپای ماڵوێرانكەر هێرشی هێنابووە ناوگوند و هەرچی زیندەوەرێكی تیابوو پێچایانەوە و راپێچی ناو زیلەكانیان كرد، دایكیشم منی لە سكدا بوو، بەر شالأوەكە كەوتبوو، لەگەڵ خزم و خەڵكی ئاواییەكانی تریش بردبویانین بۆ نوگرە سەلمان، لەوێش منالٚ و كوڕ و كچ و پیاوەكانیان لە یەكتر جیا كردبۆوە و بە تەواوی لە یەكیان دابڕین و ئیتر زۆربەیان چاویان بە كەس نەكەوتەوە، پاش چەند رۆژێك من لەناو زینداندا لە دایك بووم، هەر بەهۆی منەوە دایكم گیانی لە دەستدا، چونكە گوێیان پێنەدا و تووشی خوێن بەربوون بوو، منیش كە بە گریان هاتمەناو ژیان بەهۆی مردنی دایكم و لەناو زینداندا بیٚ كەسیمان. ژنانی ناو زیندانەكە سەر من نەپرژابوون و كەس نەهاتبوو بە لامەوە، لە پاش ماوەیەك خەڵكی گوندەكەمان و خزمەكانمان منیان چاودێری كردبوو، ئەو ژنانەی منالٚی وردیان هەبوو شیریان بە منیش دەدا، تا لە زیندان هاتمەدەر تەمەنم بووبوو بە دوو سالٚ، پاشان لەگەڵ چەند خزمێكمان ئازاد كراین و ئینجا ئەو خزمانە منیان لای خۆیان هێشتەوە و بەخێویان كردم و ناردیانمە بەر خوێندن، بەلأم تا دەمرم هەر ئاخ هەڵدەكێشم، وا دەزانم من بوومە هۆی مردنی دایكم، بۆیە ئەڵێم دایە گیان گەردنم ئازاكە، خۆزگە

باوکە گیان ئاواتەکەت بهاتایەدی و منیش تێر چاوەکانت و ریشەکەتم ماچ بکردایە، هەرچەندە من گۆڕی دایکم و باوکم نازانم لە کوێن، چونکە باوکم سەربازەکان شاردبوویانەوە، کە هاتبوونە ناو گوندەکەمان و دایکیشم لە زیندانەکە هێنابوویانەدەر و نەزانرا لە کوێ بە خاکیان سپارد، منیش لەناو خزمەکانم ژیان بەسەر دەبەم و مووچەیەکی کەمیان بۆ بڕیومەتەوە، کە بەشی تەواوکردنی خوێندنەکەم ناکات، بەڵام سوپاسی خوا دەکەم کە کەسوکارم لەگەڵم باشن و هاوکاریم دەکەن، دوا وتەی هەنار لە تەسجیلەکەدا بەدی دەکرا بە هەڵکێشانی هەناسەی ساردەوە دەیوت ئاخ باوکە ئاخ دایکە ئێوە لە کوێن.

***

## ئەو تـاقـانەیەی خەمێکی گەورەی بەجێهێشت

ژیان بۆ مرۆڤ لە ولاتێکدا کە مەینەتی زیاتر بێت لەخۆشییەکان، بە تایبەت بۆ گەنجان و لاوانی دڵ پڕ لە هیوا، دەبێ چۆن بێت و کام شەقامی پڕ لە چاڵ و چۆڵی ژیان دەروون ئارام بکاتەوە، کە مەحاڵ و ئەستەمە لەو ژینگەیەدا هەرکەوتن و بێئارامی دەبنە میوانی ڕەوتی ڕێگای هەنگاوەکان.

ئازاد کوڕی تاقانەی دایك و باوکێك بوو کە هەشت خوشکی بوو، لەم کۆمەڵگایانەی ڕۆژهەلاتیش کە پیاوسالاری بۆتە زەقترین و دزێوترین دیاردەی کۆمەلایەتی، دەبێ لەناو خێزانێکدا کە تەنها کوڕێك بوونی هەبێت لە ناو هەشت خوشکدا، ئەو کوڕە بە چ چاوێك سەیر بکرێ و دایك و باوك و خوشکەکانی چەندە خۆشیان بوێ، لەگەڵ ئەو هەموو ناز و خۆشەویستیەشدا ئازاد کوڕێکی بە ئارام و ژیر و خاوەن کەسێتی دیارە و ڕێزی زۆری لێ دەگیرێت لە لایەن خەڵکی ناوچەکەی خۆی. ئازاد لەبەرئەوەی تەنها خۆی کوڕی ماڵەوە بوو باوکیشی بە تەنیا نەیدەتوانی بژێوی خێزانەکە دابین بکات، هەر بۆیە قۆناغی سەرەتایی تەواو کرد و نەیتوانی خوێندن تەواو بکات تا هاوکاری باوکی بکات و هەر نا بتوانێ

تۆزێ باری بژێوی خێزانەکەیان لەگەڵ باوکی رابگرێت و کاسبی دەکات، مرۆڤیش لە تەمەنی هەرزەکاری و گەنجێتیدا دڵی بەرەو حەز و ئارەزووەکانی خۆی زیاتر دەچێت لە هەموو ویستەکانیش زیاتر ویستی داوای ئەوین و خۆشەویستییە، کە لە دڵ و دەروونەوە سەرچاوە دەگرێت و پەیوەستە بە ئاستی گەشەکردنی ئەنگێزەکان، ئەوە دەبێتەهۆی سەرنجدان و چاوگێڕان بۆ کەسانی رەگەزی بەرامبەر کە دڵ خواستێتی، هەر بۆیە ئازادی تاقانە دڵی دەچێتەسەر کیژێکی دراوسێیان و کچەش بە ئەندازەی ئازاد زیاتر چرۆی گوڵی ئەوین لە ناخیدا چەکەرە دەکات، بەڵام لەبەر هۆکاری دراوسێیەتی و پاراستنی کەسێتی بنەماڵەکانیان نەیاندەتوانی رازی دڵیان بگۆڕنەوە، دیارە بەهۆی بوونی حەز و ویستێکی شاراوە لە دڵیاندا ناکرێ و ناتوانن هەروا بە ئاسانی ئەو هەستە فەرامۆش بکەن، بۆیە دەبێت فاکتەر و پاڵنەرێك دروست بکەن تا هەستی ناخیان ببێتە هەستێکی دەربڕاو و دانپیانراو، یەك لە رۆژەکانی هەفتە دڵ بۆ یەکتر دەکەنەوە و پەیمانی راستگۆیی و پاکی بەیەك دەدەن، تا ساڵی (٢٠٠٥) باوکی ئازاد دەچێتە خوازبێنی شەونم، بەڵام بەهۆی ناڕازیبوونی باوك و براکانی، شەونم دەکەوێتە بەرتانە و تەشەری ناڕەوا و رق لێبوونەوەی کەسوکاری. ئازاد و شەونم بێباکانە سوور دەبن لەسەر

پەیمانەکەیان، دوای چەندجار داخوازی کردن، بۆ دواجار لە مانگی (٤)ی ساڵی (٢٠٠٧) شەونم دەبێتە دەزگیرانی ئازاد، دوای ئەوەی کەسوکاری بۆیان دەرکەوت شەونم سوورە لەسەر هاوسەری لەگەڵ ئازاد یان بۆ گڵ بێت، دوو مانگ لە ژیانی دەزگیرانی پاشان بڕیاری چوونەناو کەژاوەی زێڕین دەدەن و خۆیان بۆ تەدارەکی ئاهەنگ دوو شەممەی ئەو هەفتەیەی ئاهەنگەکەی تیا ساز دەکرێ، ئازاد بە مەبەستی داوەتکردنی خزمان و دۆستان و هاوڕێیانی سەردانی شاری هەولێر دەکات تا بۆ (٢) شەممە ئامادەبن و بێنە ئاهەنگەکەیان، بەڵام لە کاتی گەڕانەوەی لە هەولێر ئەوەی کەس چاوەڕوانی نەدەکرد ڕوویدا و خەڵکی مقۆ مقۆ و شپرزەییان پێوەدیار بوو، هەواڵ هات و وتیان: دوو ئوتومبێل بە یەکیاندا کێشاوە و چەند کەسێك گیانیان لە دەستداوە، ئەو کەسانەی کە کەسەکانیان لە سەفەر بوون کەوتنە سۆراخی هەواڵی ڕاستی و تا بزانن کێ لەو کارەساتەدا گیانی سپاردووە. پاش چەند کاتژمێرێك هەواڵی تەواو گەیشت و کە سێ سەرنشینی ئۆتۆمبێلێك گیانیان لە دەست داوە و یەکێکیش بڵاوبوونەوەی هەواڵەکە چەند خورپەی تاسان و ترس و ڕاچەنین بیهەژێنێ کە ئاگادارە تاقانە خۆشەویستەکەی لە سەفەری ئەو ڕێگایەدایە؟! پاش گەیشتنی هەواڵی ڕاست دەرکەوت ئازاد لەناو یەکێك لە ئوتۆمبیلەکاندا

بووەو بریندارە، هەر ئەوەندە. ئینجا نزاو پاڕانەوەی باوك و دایك و خوشکەکانی و خۆشەویستەکەی بۆ یەزدان، مرۆڤەکانی دەوروبەری دەتاساند، ئازادیش کە چەندان خەونی وەنەوشەیی لە ناخیا چەکەرەی کردبوو، تاقە ئاواتی گەورەی ئەوە بوو دوای سێ ڕۆژی تر دەگاتە شەونمی دەزگیرانی، ئازادی عاشق لە نەخۆشخانەی فریاکەوتنی هەولێر بەدەم ئازاری زامەکانییەوە چاو بۆ دایك و باوك و خوشکەکانی و تاقە ئەویندارەکەی دەگێڕێ، بەدەم چاوەڕوانی بینینی ئەوان و جار جارەش نوزەی دەنگێك وەك نۆتەی دەنگی شەونم لە لێوەکانی دەردەچوو هەر بە دەم ئەو هەناسانەوە گیانی سپارد و کەس بە هاواری مەرگی نەگەیشت، کاتێ تەرمی ئازادی تاقانە بەرەو شارەکەی خۆی هاتەوە، خەڵکی چاو بە فرمێسك و بێزاری و نائارامی سەراپایانی داگیرکردبوو، تۆ بڵێی دایك و باوك و خوشکەکانی بە کام ئاوازی مەرگهێن و دڵ بوریان بلاوێنەوە بۆ ئازاد، تۆ بڵێی تاقانە ئەوینی ڕاستگۆیی چۆن کەزییەکانی بڕنێتەوە و بە گەرووی نووساوی چۆن بانگی ئازاد بکات و چاوی چاوەڕوانی بۆ ئاهەنگگێڕان بگۆڕێ بۆ فرمێسك و دابڕانی کۆتایی لە ژیان، دیمەنی سەرقەبران و بە خاکسپاردنی ئازاد خەڵکی ئەو ناوەی هێنایە گریان، کە شەونم دەیوت: بەڵێن بێ ئەڵقەی تۆ لە پەنجەم نەهێنمەدەر هەر

چاوەڕوان بم تا تۆ جارێکی تر چاوت بە چاوم بکەوێتەوە و پاش تۆ هەموو شت لە من حەرام بێ، خوات لەگەڵ چرای ژیانم، ئەی تاقانەی گشتمان، شەونم تا ئێستاش سوورە لەسەر بەڵێنەکەی و وەك خۆی ماوەتەوە و نەچۆتە پرۆسەی هاوسەرییەوە.

***

## ئەو ڕۆژەی چەمێك خوشك و برایەكی ڕا پێچی مەرگ كرد

تارای تەمەن دوانزە ساڵ خوێندكاری پۆلی پێنجەمی سەرەتایی، تا بڵێی مناڵێكی جوان و ڕۆحسوك و خۆشەویستی ناوهاوڕێكانی و مامۆستاكانی بوو، زۆرجار بە گوڵی پۆلەكەی ناوزەندیان دەكرد.

تارا دەبوایە لە پۆلی شەشەم بوایە، بەڵام ساڵی پێشوتر نەخۆش دەكەوێت و ناتوانێت بچێتەوە خوێندنگە، بۆیە مۆڵەتی نەخۆشی دەدرێتیٚ و تا لە ساڵی ئایندەدا بتوانێت بەردەوام بێت لە خوێندن، ئەمڕۆ لە پۆلدا هێندە قسەی خۆش و گەمەی سەیری لەگەڵ هاولاڕێكانی دەكات، پۆلەكە دەبێتە دیمەنێكی پڕ لە قاقا و پێكەنین. هاوڕێكانی و مامۆستاكانی خوێندنگەكەی خۆیان سازداوە تا بۆ ڕۆژی دواتر سەیران بكەن و بەرنامەی هەمەجۆر ئامادەكراوە تا لە سەیران پێشكەش بكرێت، ئەو ڕۆژە وانەكان كۆتاییان دێت و منداڵان بە خۆشی و گەشی بەیانی بەرەو ماڵەكانیان دەبنەوە، هەموو منداڵێك چاوەڕێیە ئەو ساتانەی ماون بۆ سەیرانەكەیان بە خێرایی تێپەڕیٚ و ڕۆژ ببێتەوە تا گەشتەكەیان بكەن.

هەر ئەو ڕۆژەی تارا لە خوێندنگە دەگەڕێتەوە بۆ ماڵەوە،

پاش نانخواردن و خۆ گۆڕین (ڕێبان)ی برا بچووکی کە تەمەنی تەنها دوو بەهارە، باوەشدەکات و دەیبات بۆ باخە چوالەکەی خۆیان تا لەو شوێنە لەگەڵ برا گەورەکەیان کە ناوی (ئاوات)ە و خوێندکاری زانکۆیە ڕۆژ ئاوا بکەن و تا عەسرێکی درەنگ لە باخەکە دەبن و زەرفێك پڕ دەکەن لە چوالە، تارا دەستی ڕێباز دەگرێت و بە مەبەستی خواردنەوەی ئاو دەچنەسەر چەمەکە. لەو کاتەدا دەستی ڕێباز بەردەدات و خۆی ئاو دەخواتەوە ڕێباز دەست بۆ ئاوەکە دەبات و دەکەوێتە ناوی، تارا لەتاو برا بچووکەکەی هاوار دەکات و بە گریانەوە پەلاماری دەدات تا لە ئاوەکە دەریبێنێت، ئاواتی برایان لێیان دوورە، بە ڕاکردن دێت و خۆی دەخاتەناو ئاوەکە تا دەریانبێنێ، بەلأم ئاوەکە زۆرە و ناتوانێ بیاندۆزێتەوە، ئەویش لەناو ئاوەکەدا زۆر ماندوو دەبێت و لە پەلوپۆ دەکەوێت. هەرچەندە ئاوات مەلە دەزانێت، بەلأم مەلە زانینەکەی دادی نادات، چونکە لەو ئاوەدا و لە تاو خوشك و براکەی زۆر بێزار و ماندووە، ئەویش لە پەلوپۆ دەکەوێت و نزیکی خنکان دەبێتەوە، بە ڕێکەوت ڕێبوارێك لەوبەر چەمەکەوە دەڕوات و چاوی بە ئاوات دەکەوێت و ڕزگاری دەکات، ئەویش بە ڕێبوارەکە دەڵێ: خوشك و براکەم لەناو ئاوەکەدان، پاش هەندێ گەڕان ناتوانێ بیاندۆزێتەوە، خەڵکی گوندەکە بەم هەواڵە دەزانن، هەموو بەرەو چەمەکە دەڕۆن، زۆر دەگەڕێن تا تەرمی ئەو خوشك و برایە

دەهێننەدەرەوە و بە خاکیان دەسپێرن، ڕۆژانی دوای ئەو کارەساتە لەناو پۆلەکەدا و لە خوێندنگەکەدا جێگە چۆڵەکەی تارا بەدی دەکراو سەرجەم مامۆستایان و خوێندکارانی خوێندنگەکە ماتەم دایگرتبوون، پاش ماوەیەکی زۆر مامۆستای زمانی ئینگلیزی وەرەقەی تاقیکردنەوەکەی ڕۆژێ پێش مەرگی تارای لامابوو کە نمرەیەکی بەرزی هێنابوو، نیشانی یەکە بە یەکەی مامۆستایانی دەدا و چەندین بیرەوەری لەهزر و بیری مامۆستایاندا دەهێنایەوە یادیان و مەرگی ئەو پەپولەیە دڵتەنگی دەکردن، ئاواتی برا گەورەی ئەم خوشك و برایە لەو ڕۆژەوە زۆر بێزار و خەمبارە، چونکە وا هەست دەکات بەهۆی ئەوەوە برا و خوشکەکەی خنکان و تەمەنیان پەپوولەئاسا بوو، زۆرجار دایکی تارا ئەوە بە بیری دراوسێکانیان دەخاتەوە کە بە تارای دەووت: ئەوەندە ئەو کوڕە مەبەرە دەرەوە و لە باوەشی مەکە، نەوەك شتێکی لێ بەسەر بێت ڕۆحت لەگەڵ ڕۆحیدایە! بە ڕاستی تارا بەڵێنەکەی جێبەجێکرد و ڕۆحی لەگەڵ ڕۆحی ڕێبازی برا بچووکیدا بوو، لەناو ئاوی ئەو ڕووبارەی بەردەوام لەبەرچاوی دایك و باوکی و هاوڕێکانیدان و خەمی مەرگی تارا و ڕێباز ئەو تارماییەی لە چاوان ون نابێت.

***

## ئەو لاوەی وادەی مەرگی خۆی دەزانێت

سەردار ئەو لاوەی کە سروشت بە شێوازێک خولقاندوویەتی هەمیشە بۆ گشت ساتەکانی ژیانی وشەکانی (خەم، ناسۆر، مەرگ، ئازار و ماڵئاوایی ... هتد) لە نووسینەکانی ڕەنگ دەداتەوە. ئەو لەگەڵ جمالی برایدا جمك بوون و بە سکێك لە دایکبوون، کە ئەو دایکە لە باوکیان زۆر هیلاك تر بوو بە کاروباری ژیانی خێزانەکەیانەوە، سەردار و جەمال هەردووکیان زۆر ئاسایی ژیانی منداڵیان بەڕێ دەکرد، لە کۆڵان و یاری سەرگوێلکە پەین و هەندێك لەو یارییە سادانەی گشت منداڵێك پێیان شاد دەبێت، وەك سواربوونی کلۆرە دار لە جیاتی ئەسپ و هەندێکی تر تا دەگەنە تەمەنی شەش ساڵان، ئینجا بەرەو خوێندنگا بەڕێ دەکرێن. لە ساڵانی یەکەمی خوێندنگە کە مرۆڤ فێری وشە سەرەتاکان دەبێت لەگەڵ هاوڕێکانیان پێشبڕکێی فێربوون دەکەن، پاش کۆتایی هاتنی ساڵ (سەردار و جەمال) دەردەچن بۆ پۆلی دووەم، لە کۆتایی ساڵدا باوکی سەردار هەست دەکات ئیتر دەبێت ئەو تەمەنەی کە سەردار ماویەتی لەسەر جێگا بیباتەسەر، بۆیە بە مامۆستاکانی دەڵێت تازە سەردار ناتوانێ بگەڕێتەوە بۆ خوێندنگە، هەرچەند مامۆستاکانی زۆر پێیاننناخۆش دەبێت و

دڵنەوایی باوكی سەردار دەكەن، بەڵام باوكی سەردار پیاوێكی بە ئەزموون و بە قەناعەتە و ڕازییە بەو بەشانەی كە سروشت بە مرۆڤی دەبەخشێت.

## محەمەدی هەژدە ساڵە كۆچی كرد

لە پرسیاری مامۆستاكانیدا كە چۆن سەردار تازە ناتوانێت بە پێكانی بڕوات؟ باوكی سەردار وتی: ئێمە خێزانێكین شەش كچ و پێنج كوڕمان هەبووە، لەو كوڕانە تەنها دوانیان ساغن و دوو كوڕی ترمان بە هەمان نەخۆشی مردوون بەمجۆرە لە ساڵی ڕاپەرینەكە و لە ئاوارەبووندا لە ڕێی سەیران بەن محەمەدی تەمەن هەژدە ساڵی كوڕم كە دوانزە ساڵی تەمەنی لەسەر جێگا بوو، كۆچی دوایی كرد، كوڕێكی ترمان لە هەمان تەمەندا و بە هەمان نەخۆشی ساڵی (١٩٨٨) ئەویش كۆچی كرد، جا سەردارم ماوەتەوە و دەزانم هەمان نەخۆشی ئەوانی هەیە.

سەبارەت بە هەوڵی باوكایەتی باوكی سەردار پیاوێكی كامل تەمەنی دەگاتە (٥٥) ساڵ ڕدێنی سپی بووە، خەم و پەژارە ژیانی بردووە و دەڵێت: بەڵێ زۆر شوێن گەڕاوم دواجار ڕاشكاوانە پێیانووتووم ئەم نەخۆشییە چاری نییە و تەنها كوڕ تووشی دەبێت، بە ڕاستی وابوو، چونكە شەش كچمان هەیە لە خوا بەزیاد بێت ساغن، بەڵام لەو پێنج كوڕە سیانیان تووشی

ئەم نەخۆشییە بوون، هەروەها دکتۆرەکان وتیان نەخۆشییەکە دەگەڕێتەوە بۆ ماسولکە و خوێن بە هیچ جۆرێك چارەسەر ناکرێت.

## بۆ بەدبەختی دایکیشی کۆچی دوایی کرد

پاش بەڕێکردنی پێنج ساڵ لە تەمەنی جەمال و سەردار دایکیان بۆ بەدبەختی ئەمان کۆچی دوایی کرد، ئەمانیش بە بێ نازی دایك دەمێننەوەو خوشکێکی بچوکتریش لەمان بێ دایك دەبێت، پاشان ساڵ و نیوێك پاش مەرگی دایکیان، سەردار لە جێگادا دەکەوێت و برایەکی لە خۆی گەورەتری کە لە (١٩٨٨) کۆچی کرد، دەبنە هاوەڵی ڕۆژانە لە چوار دیواردا تا عەلی برا گەورەی لەبەرچاوی سەردار دەمرێت، تۆ بڵێی لەو کاتەدا کە عەلی دەمرێت سەردار هەمان نەخۆشی هەیە، بیر لەچی بکاتەوە؟ چی لەوە ناخۆشترە کە مرۆڤ کاتی مەرگی خۆی بزانێت، بەڵام ئەمە کاری قەدەرە و مرۆڤ هیچ دەسەڵاتێکی نییە و ناچار دەبێت شان بداتە بەر باری خەمی مەرگ و پێی ڕازی بێت.

## مرۆڤێکی ئازا و نەترس

لە پاش زانینی سەردار بۆ مەرگی خۆی و بینینی مەرگی دوو برا گەورەکەی بە بەرچاوی خۆیەوە، زۆر ئازایانە و نەترسانە بە گژ ئەو واقعە تاڵەدا چۆتەوە و بۆ لە بیر بردنەوەی

ناخۆشییەکان هانای بردۆتەبەر خوێندنەوە و نووسین، تەنها بەو ساڵەی کە ئەلفبێی تەواو کرد خۆی بە باشی ڕاهێناوە، دە ساڵە خەریکی نووسینە و زیاد لە (٢٥٠) پارچە شیعری نووسیوە جگە لە تەواوکردنی ڕۆمانێك، سەردار زۆر دڵی بەوە خۆشە کە کەسێك هاوکاری بکات و شیعرەکانی بۆ چاپ بکات، هەرچەندە دیوانی یەکەمی لەسەر ئەرکی باوکی چاپ کردووە، سەردار دەڵێت: چونکە هێندە خۆم سەرقاڵی نووسین و خوێندنەوە کردووە بیر لە مردن ناکەمەوە.

## شێوازی نووسین

چەند جارێك پارچە شیعر و نووسراوەکانی سەردارم بەرچاو کەوتووە، مرۆۋ سەرسام دەکات لەو جۆرە شێوازەی کە نووسیویەتی، سەراپای شیعرەکانی (مەرگ و خەم و ماڵئاوایی و خۆشەویستی نیشتمان و ئاواتی کەمئەندامان و دووری دایك و باسی جوانی سروشتی کوردەواری و ... هتد) دەکەن، هەر لەسەر ئەم نووسینانە چەند جارێك کەناڵەکانی ڕاگەیاندن سەردانیان کردووە و لە بەرنامەی تەلەفزیۆنیدا پەخش کراوە.

## هاوکاری ماڵەوە

خوشك و براکانی سەردار زۆر هاوکاری دەکەن و بەردەوام خزمەتی دەکەن، ڕۆژانە بە باوەش کوێی بوێت لەناو ماڵەکەدا دەیگێڕن و پێداویستییەکانی بۆ دابین دەکەن، سەبارەت بە

جەمال کە هەردووکیان پێکەوە لە دایك بوون، ئەو ساغە و سەرداری برای بەو جۆرەیە، زۆر نیگەرانە و ئێستا لە ناوەندی دەخوێنێت، بەڵام سروشت شانسێکی داوە بەم کە نەخۆشییەکە ئەمی نەگرتۆتەوە، هەروەها خوشکەکانی زۆر بە ڕوو سوری باش خزمەتی براکانیان دەکەن، بە تایبەت سەردار کە پێویستی بە هاوکاری هەموویان هەیە.

## پاش ساڵێکی تر

ئێستا سەردار تەمەندی حەڤدە ساڵە، بۆ دە ساڵە لەسەر جێگایە، بە پێی ئەزموونی ماڵەوەیان لەگەڵ براکانی تریان کە کۆچیان کردووە سەردار تەنها یەك ساڵی ماوە لە ژیاندا، لە پاش تێپەڕبوونی ئەو زەمەنە، ئەم لاوە ئەو هەموو خەم و خولیا و ژیانە پڕ لە داهێنانەی سەرجێگای دەباتەوە لای هەردوو براکەی تری و کۆتایی بە ژیانی دێت و ماڵئاوایی لە هەموو نووسینەکانی دەکات و بۆ یادگاری هەمیشەیی جێیاندەهێڵێت. ڕاستە مەرگ یەقینە و دەبێت ڕووبدات، بەڵام بۆچی بەو جۆرەی کە سەرەتا و کۆتایی تەنها بەشی ناسۆر چەشتن بێت و پەلی مرۆڤێك بگرێت لە منداڵییەوە تا تەمەنی هەژدە ساڵی و بەرەو لای خۆی کێشی بکات و ئۆقرەی لەبەر ببڕێت؟ دیارە ئەوە پرسیارێکی بێ وەڵامە و لە توانای مرۆڤدا نییە وەڵامی بداتەوە، چونکە کاری قەدەرە.

## دوو خۆزگە

خۆزگە پێش دیاری مەرگ لە سروشتەوە بۆ سەردار، بابەت و نووسراوەکانی دەکرانە کتێب و ئاواتێکی هەمیشەیی سەردار بهاتایەتەدی و بۆ چەند ڕۆژێك کتێبەکانی لەگەڵ خۆیدا و لە تەنیشت سەرینەکەی یەکتریان بدواندایە، خۆزگەکەی تر ئەوەیە کە جارێکی تر نیشانی پزیشك بدرێت و گەر بکرێت ڕەوانەی دەرەوەی وڵات بکرێت تا وەڵامی تەواو بدرێتەوە و ئومێدێك بێتەدی کە ڕزگاربوونی ئەو لاوەیە لە مەرگ.

## دوا پەیڤ

دڵنیام تۆ لە خوێندنەوەی چیرۆکێکی ئاوادا خەمبار دەبێت و ماتەم داتدەگرێت، گەر تۆ بە خوێندنەوەی ئەم چیرۆکە ئەم ڕووداوەت بە سەرکردبێتەوە، ئەوا نووسەری ئەم چیرۆکە دەیان جار تاسە و خەمی ئەو گێڕانەوەیە دڵ و دەروونی گوشیوە و نزا و پاڕانەوەی لە یەزدان بۆ ئەم لاوە دەبڕیوە، بۆچی دەبێت ژیانی ئەم لاوە و چەندین کەسی تر ئاوا بێت؟

***

## ئەوین و مەرگ

هەڵبژاردن و دیاریکردنی شتەکان لەم وڵاتەدا هەرگیز لە ویستی تاکدا نییە، بۆیە تاکەکان لە هەڵبژاردنی تایبەتمەندییەکانی خۆشیان دەگەڕێنەوە بۆ راوبۆچوونی خەڵك و کەسانی دی، تەنانەت لە هەڵبژاردنی جلوبەرگیش بە پێی تەمەنەکان خوێندنەوەی جۆراوجۆر و سەیروسەمەرەی بۆ دەکرێ، جا ئەگەر بێتو کەسێك زیاتر قوڵ بێتەوە بەناو تایبەتمەندییەکانی خۆیدا ئەبێ چۆن دەوروبەر بخوێنێتەوە؟ کوڕان و کچانی وڵاتەکەمان هەر لە منداڵییەوە زۆر بەربەست و ڕێگرییان دێتە بەردەم، بە تایبەت تێکەڵ بوون لەگەڵ رەگەزەکەی تردا، بە تایبەت کچان گرفتی زۆریان بۆ دروست دەکرێت. ئەم بەربەستانە وا دەکەن لە دەروونی تاکدا بە تایبەت گەنجان نامۆییەك بۆ بەرامبەر بێتە ناخییەوە کە فرسەت و هەلێك رێکدەکەوێ خێرا لە لایەن گەنجانەوە دەقۆزرێتەوە و خۆیان لە بەرامبەرەکەیان نزیك دەکەنەوە. چیرۆکی راستەقینەی ئەمجارەشمان یەکێکە لەو شێوازانەی باسی دەکرێت.

ئەڤین کیژێکی ناسك و شۆخ و شەنگ و جوان بوو، خۆشەویستی باوك و دایك و هاوڕێکانی بوو، لە تەمەنێکی کەم

کە قۆناغی ناوەندییە دەچێتە دوای ئەوینی کوڕێکەوە و چەند مانگێك ڕەوتی ئەویندارى بە ساکارى و ئاسایی بەڕێ دەکەن، ڕۆژێك ئاهەنگی قوتابخانە دەبێ ئەڤینیش بەو بۆنەیەوە جلێکی کوردی جوان لەبەر دەکات و دەچێتە خوێندنگەکەی بۆ ئاهەنگەکە، پاش دەربڕینی شادی و خۆشی لە خوێندنگە لەگەڵ هاوڕێکانی، کاتێ ئەڤین دەگەڕێتەوە بۆ ماڵەوە لە ڕێگە کاروانی ئەویندارى دەبینێ کە ئوتومبیلێکی پێیە و لەسەری دەوەستێ و بە ئەڤین دەڵێ: با پیاسەیەك بکەین و نزیکت دەکەمەوە لە ماڵی خۆتان. ئەڤینیش ڕازی دەبێ و سەردەکەوێ و دەڕۆن بەرەو شوێنێکی چۆڵ و دەرەوەی شار، کاتێ دەزانن کەس دیار نییە کاروان دەستدرێژی دەکاتەسەر ئەویندارەکەی و ئەویش لە ئامێزی کارواندا خۆی دەبینێتەوە، بەهۆی ئەوەی هێندە ئاوێزان دەبن هەموو یاسا و دابونەریت و ئاینێك جێدەهێڵن؟!

پاش دوو مانگ ئەڤین هەست بە ئازاری سکی دەکات، ئەڤین ئەم ئازارە بۆ هاوڕێیەکی نزیکی خۆی باس دەکات و هاوڕێکەشی دەیبات بۆ لای پزیشك و لە ئەنجامدا لە پشکنیندا دەردەکەوێ ئەڤین سکی هەیە! ئەم هەواڵە ئەڤین دەخاتە ناخۆشترین و قوڵترین خەمی بەردەوام و دڵەڕاوکێ و نازانێ چی بکات، ناچار تاقە کەسێك کە ئەڤین هانای بۆ دەبات کاروانە کە

ئەویش ئەم هەواڵە دەبیستێ خۆی دەشارێتەوە و پاشان بەرەو هاندەران ملی ڕێگە دەگرێتەبەر و بە ڕێگەی قاچاخ دەچێتە توركیا، پاشان ئەڤین نازانێ هانا بۆ كێ ببات كە خەمی گەورەی دڵی خۆی بۆ باس بكات، بۆیە هانا دەباتەوە بۆ ئەو هاوڕێیەی كە لەگەڵی چوو بۆ لای پزیشك و بە گریان و هەنسكی قوڵی ناخی ڕۆیشتنی كاروانی بۆ باس دەكات و داوای ڕێگەچارەی لێ دەكات، ئەویش پاش كەمێ بیركردنەوەی دڵسۆزانە بۆ ئەڤینی هاوڕێی پێیدەڵێ: تاقە كەسێك كە هانای بۆ بەرین و باش بێت بەڕێوەبەری خوێندنگەكەمانە، ئەڤینیش ڕازی دەبێت و بە هاوڕێكەی دەڵێ من زۆر شەرم دەكەم، ڕووم نایە پێیبڵێم، بەڵكو تۆ باسی بكەی تا چارەسەرێكمان بۆ بدۆزێتەوە. هاوڕێكەی باسەكە بە تەواوی بە قوڵپی گریان و هەنسك و فرمێسك دڵی بەڕێوەبەر دەخاتە ئاستی خەم و ئازارەوە و بەڕێوەبەریش پێیدەڵێ: خەمتان نەبێ.

بۆ بەیانی بەڕێوەبەر دایك و باوكی ئەڤین بانگ دەكات و ڕووداوەكەیان بۆ باس دەكات و نائارامی و خەمەكە گەورەتر دەكات و بە ئەوانیشی دەبەخشێ و یەكەم كڵپە و بڵێسەی ئاگری كێشەكە بە بەنزینی بێ ئاگایی خۆی زیاتر خۆش دەكات. زیاتر ئاگر لەماڵی باوكی ئەڤین بەردەدات. باوكی ئەڤینیش ڕۆژانە هاوسەرەكەی تاوانبار دەكات و ڕۆژانە

بۆڵەبۆڵی بەسەردا دەکات و بێزاری و ناڕەحەتی و خەم و ناخۆشی وا لە دایکی ئەڤین دەکات کە ژیان لەبەرچاوی ببێتە تاریکستان و مەینەتی، بۆیە هانا دەبات بۆ خۆ سووتاندن و مردن هەڵدەبژێرێ و خەمی مەرگی دایکیشی بووە میوانێکی تری خەم لە دڵی ئەڤین دا. باوکی ئەڤینیش بۆ داپۆشینی ئەو ڕووداوەی بەسەر ئەڤین هاتووە لە خوێندنگە دەریدەهێنێ و لە ماڵەوە دەیکاتە ژوورێك تا کەس نەیبینێ، چاوەڕێ دەکات. وادەی مناڵبوونەکەی ئەڤین نزیك بۆتەوە، باوکی ئەڤین دەباتە نەخۆشخانەی مناڵبوون و مناڵەکەی لە دایك دەبێ و پەلی ئەڤین دەگرێت و مناڵەکە لە نەخۆشخانە جێدەهێڵن و پاش چەند ڕۆژێك باوکی ئەڤین، کچەکەی دەباتە شوێنێکی چۆڵ و بە فیشەکێك مەرگێکی تری خەماوی دەکاتە لاشەی ئەڤین و بە تەنیا جێیدەهێڵێ و دەگەڕێتەوە بۆ ماڵە وێران و چۆڵەکەی خۆی.

***

## ئەوینێك كە خەمی بێ بڕانەوەیە

شەماڵ یەکێکە لە هاوڕێ نزیکەکانم و هەر لە منداڵییەوە ئالودەی یەکترین و ئاگامان لە یەکترە و گشت نهێنیەکانی یەکتر دەزانین، دەکرێ بڵێم زۆرجار کە خەم ئاوێزانی دڵی یەکێکمان دەبێ باشترین فریادڕەس لامان باسکردنی ئەو گرفتانەیە بۆ یەکتری، بەڵام ئەمجارە باسکردنی گرفت و کێشەی شەماڵی هاوڕێم دەبەمە دەرەوەی خۆمان، بۆ هاوڕێیان و ئازیزانی دەگێڕمەوە تا لە ڕێگەی بیر و بۆچوونەکانی ئەوان هەم دڵنەوایی شەماڵی هاوڕێم بدەنەوە هەم ئەم ڕووداو و کارەساتە ببێتە وانە و پەند بۆ گشتمان و سوودی لێ وەربگرین.

لە سەرەتای ساڵی (٢٠٠٦) شەماڵی هاوڕێم کچێکی ناسی ناوی کەژاڵ بوو، ئەم یەکترناسینە بووە هۆی ئاشنابوونی ڕۆحیان بە یەکتر و کردنەوەی دەرگای خۆشەویستی بۆیان، شەماڵ و کەژاڵ بوونە جووتێك کۆتری سپی پاك و جوان و ئەویندار، دوو ساڵ زیاتر ئەم خۆشەویستییە بێگەردە بەردەوام بوو، چەند جارێك شەماڵ چووە خوزابێنی کەژاڵ، بەڵام ئەویندارەکەی شەماڵ کە کەژاڵی بەدبەختە لە سۆزی دایك و باوکی بێ بەشە و ئەوان لە ژیاندا نەماون، بۆیە نەنکی هەر لە

منداڵییەوە بەخێوی کردووە، بەڵام نەنکی کەسێکی دڵڕەق و بێ بەزەیی و بێ هەستە، وا دەزانێ کە کەژاڵ ئازار بدات و زاڵ بێ بەسەریدا کارێکی باش دەکات، نازانێ بەوە ڕۆحی پاك و بێگەردی پەپوولەئاسای کەژاڵ دەخاتەسەر مەترسی سووتان و ئازار. پێش ئەوەی شەماڵ بچێتە داخوازی، نەنکی کەژاڵ بەم پەیوەندییە دەزانێ، ئەوەندەی تر ئاگری ڕق و کینە دەروونی نەخۆشی بەسەر کەژاڵدا زیاتر تێك دەدات و ڕۆژانە بێزاری دەکات و شەماڵیش پەیمانی ڕاستی دڵی خۆی دەباتەسەر و خوازبێنی دەکات، بەڵام نەنکی کەژاڵ ڕازی نابێ! دوای چەندجار داواکردنی، لە ساڵی (٢٠٠٨) ماڵی شەماڵ دەچێتە شارێکی تری کوردستان، شەماڵیش دەبێتە فەرمانبەر لەو شارە، مانگی دووجار سەردانی ئەو شارە دەکاتەوە کە لەوێ دڵی لای کەژاڵ جێهێشتبوو، تەنها بۆ شادبوون بە نیگایەکی ئەویندارەکەی، ئەگەر لە دوورەوەش بێت. ئەوەی جێی داخ و نیگەرانییە هیچ جارێك بە دیداری کەژاڵ شاد نەبوو، چونکە بە هەموو جۆرێ ئەوین لە کەژاڵ یاساغ کرابوو، ئەم دوورکەوتنەوەیەی کەژاڵ و شەماڵ بوو بەهۆی ئەوەی فرسەت بۆ نەنکی کەژاڵ بێتە پێشەوە و درۆیەك ڕێکبخا بۆ شەماڵ لای کەژاڵ، و بڵێ شەماڵ تازە بە کارەساتی ئوتۆمبیل گیانی لە دەستداوە و لە بیری خۆتی بەرەوە، بۆیە پێیئەوت: کچم ئەگەر

شەماڵ نەمردایە و لە ژیاندا بوایە سەردانێکی ئەکردی، جارجارەش دڵنەوایی دەکرد تا بە باشی بیری بەرێتەوە، شەماڵیش لە فەرمانگەکەی خۆی بۆ هەمیشەیی بێزار و نامۆیە و هاوڕێکانی بەردەوام پێیئەڵێن: کێشەت چییە؟ پێمانبڵێ تا هاوکاریت بکەین، بەڵام شەماڵ هیچ بە هاوڕێکانی ناڵێ، ڕۆژێك یەکێك لە هاوڕێکانی فەرمانگەکەی کە ناوی ئومێدە بە شەماڵ دەڵێ کاکە گیان لەم ڕۆژانەدا ئاهەنگی مارەکردنی دەزگیرانم ئەنجام دەدەم، دەبێ بێیت تا تۆزێ لەم بێزارییە دوور بکەویتەوە. شەماڵیش دەڵێ: بەسەرچاو ئەگەر بۆم کرا دێمە خزمەتت.

چەند ڕۆژێك دوای ئەوە ئاهەنگەکە ئەنجام دەدرێ و شەماڵیش دەچێتە ئاهەنگەکە، لە ئاهەنگەکەدا شەماڵ چاوەڕێی بوك و زاوا دەکات، ئەوەندەی پێناچێ ڕیتمی مۆسیقای هۆڵەکە دەگۆڕێ و خەڵکی ناو هۆڵەکە دەزانن بوك و زاوا هاتن، شەماڵ لە دوورەوە ئومێدی هاوڕێی دەبینێ دەستی لە دەستی بوکدایە، بەڵام بە تاسان و سەرسوڕمانەوە سەیری بوك دەکات دەڵێ: تۆ بڵێی ئەمە خەون بێ یان ڕاستییە؟ خۆ ئەوە کەژاڵە بووە بە بوك و لە دەستی ئومێدی هاوڕێمدایە، ساتێ شەماڵ لە بوك و زاوا نزیك دەبێتەوە، کەژاڵ ڕەنگی دەگۆڕێ و ترس و شەرم هەموو گیانی داگیر دەکات، تەنانەت خەڵکی بەشداربووی

ئاهەنگەکەش هەست بەو دڵەڕاوکێ و بێزارییەی شەماڵ و کەژاڵ دەکەن. ئەو دوو ئەویندارە ئەوەندە بێزار بوون کە هەستیان کرد ژیان بۆتە ئەو دۆزەخەی ویستەکان و حەزەکانیان تیا دەسوتێ، شەماڵ لەبەر خاتری هاوڕێکەی دەست بەرداری ئەوینداری کەژاڵ بوو، تا ژیانی لێ تێکنەچێ، بەلاّم کەژاڵ ئاسۆی ژیانی ونە لە گێژاوی ئەو خەمەی کە بە شەماڵ نەگەیشت.

**ئەو شـــەماڵەی شـــنەی ئـــەوینم بوو**
**گوڵی جوانی بــــــاخی ژیانی ژینم بوو**
**دەمویست شـــــــەمـاڵی شنەی بـالاّم بێ**
**کەچی قەدەر بردی و نـاسۆری ژینم بوو**

***

## بۆ دەبێ مەرگ بڕیاری ئەوینداران بێ ؟

ئەم چیرۆکە لەم چەند ساڵەی رابردوودا لە یەکێك لە گوندەکانی کوردستان روویداوە. ئاوات لاوێکی جوان و ژیر و بە ئاگایە، خۆشەویستی دایك و باوك و خوشك و براکانییەتی، ئەو لاوە زۆر حەز بە خوێندنەوە و خۆرۆشنبیرکردن دەکات و مانگانە ئەو کتێبانە دەکڕێ کە چاپ دەکرێن، هەرچەندە گرفتی ژیان و سەختی گوزەرانی خێزانەکەیان بواری نەدا بەردەوام بێ لە خوێندن، بەهۆی ئەو نزیکییەی لە کتێب و چاپەمەنییەکان هەیبوو، چەند لاوێکی شار کە وەك خۆی کەسی باشن و خۆیان خەریك کردبوو بە بواری رۆشنبیری، دەبێتە هاوڕێیان و جارجارە سەردانی گوندەکەی ئاوات دەکەن و چەند چالاکییەکی هونەری و رۆشنبیری لەو گوندە خنجیلانەیەدا ئەنجام دەدەن، و ئاواتیش بەشداری دەکات، هەر لەو کۆڕ و کۆبووونەوانەوە خەڵکی گوندەکەیان شانازییان بە ئاواتەوە دەکرد و دەیانزانی کە ئاوات خزمەت بە گوندەکەیان دەکات و رۆڵی هەیە لە پێشخستنی لاوان لە رووی رۆشنبیریەوە، ئەڤینیش کچێکی تا بڵێی شۆخ و شەنگ و ژیرە، زۆر لە هاوڕێکانیان پێیاندەڵێن بە راستی ئەم کوڕ و کچە شایستەی

یەکترن، قسەی هاوڕێکانیان دەبێتە هەوێنی دروستبوونی هەستی خۆشەویستی لای ئاوات و ئەڤین، پاش ساڵێك لە بوونی خۆشەویستی لای ئاوات و ئەڤین، پاش ساڵێك لە بوونی خۆشەویستی لە نێوانیاندا کە زۆر پاك و جوان و بێگەردانە ئەو ئەوینەیان ڕاگرت، باوکی ئەڤین هەست دەکات ئاوات و کچەکەی ئەویندارن، بە دایکی ئەڤین دەڵێ: ئاگات لە کچەکەت بێ با ئابڕوومان نەچێ، دایکی کچەش ئەڵێ: کچی ئێمە ژیر و هۆشیارە ئاگای لە حەیای خۆیەتی، پیاوەکە مەترسە من لە ئەڤین دڵنیام کە کاری خراپی لێ ناوەشێتەوە. دایکی ئەڤین کە ژنێکی سەلار و بە ئەزموونە و دەکرێ بڵێین نموونەی دایکی باشە کە ڕۆڵەکانی بە باشی پەروەردە کردووە، ڕۆژێك زۆر بە هێمنی و ئارامی ئەڤین بانگ دەکات پێیدەڵێ: کچی خۆم مرۆڤ پێویستە ئاگای لە خۆی بێ و ناوی نەزڕێ، چونکە پێشینان وتویانە: جام ئەڵێ بشکێم نەك بزرنگێم. ئەڤینیش دەڵێ: دایە گیان چی بووە؟ خۆ من هیچی خراپم نەکردووە بۆ ئەم قسانە ئەکەی؟! دایکی ئەڵێ: کچی خۆم بە خراپ تێمەگە باوکت شتێکی وای لا باس کردم کە تۆ و ئاوات لە ناو گونددا باسکراون، ئەگەر ئەو کوڕەت خۆشئەوێ هەوڵ ئەدەین باوکت ڕازی بکەین و ببەرە هاوسەری ژیانی. ئەڤینیش شاگەشکە ئەبێ و ئارامی و ئاسوودەیی ڕۆحی لێوانلێو دەکات. بۆ ڕۆژی

دوایی ئەڤین قسەکانی دایکی بۆ ئاوات ئەگێڕێتەوە و دەیکاتە ئەمری واقیع و پێیدەڵێ: باشە ئەگەر تۆ بە ڕاستی منت خۆشئەوێ فەرموو وەرە پێشەوە. ئاواتیش ئەڵێ: ئەڤین گیان ئەوینی تۆ منی داگیر کردووە و خەریکە خۆمم بیر ئەچێتەوە، چۆن وا ئەڵێی، بەسەرچاو لەماڵەوە باسی ئەکەم و دێمە خوازبێنیت. ئاواتیش لای کەسوکاری باسی خوازبێنی ئەڤین دەکات وەك دەڵێن قسە کەوتە زارێ ئەکەوێتە شارێ، لە ناو گوندا باس باسی ئاوات و ئەڤینە و جارێ هەر قسەیە و ماڵی ئاوات چاوەڕێی فرسەتێکن بچنە خوازبێنی. باوکی ئەڤین بەردەوام قسە ئەبیستێتەوە لە لایەن ناحەزان و دوو زمانانی گوندەکەوە، بۆیە لە دایکی و ئەڤین تووڕە ئەبێ و ئەڵێ لە ئاواییدا باس باسی ئێمەیە، ئەو ماڵە حەیایان بردووین، بۆیە بڕیارم داوە کچیان نادەمێ و نابێ کەس قسەی تیا بکات. ماڵی باوکی ئاوات بەم بڕیارەی باوکی ئەڤین نازانن، شەوێك چەند کەسێك دەچنە ماڵی ئەڤین. باوکی لێیان تووڕە ئەبێ و ئەڵێ کچم نییە بیدەم بە شوو، هەر چەندە ئەڤین بڕیاری باوکی ئاگا لێ بوو، بەڵام حەزی نەکرد بە ئاواتی خۆشەویستی بڵێ و خەمی بداتێ لەبەرئەوەش هەر خۆی هانی ئاواتی دا داخوازی بکات، پاش ئەوەی پێنج جار خوازبێنی ئەڤینیان کرد بۆ ئاوات، باوکی هەر ڕازی نەبوو، بۆیە ئاوات بڕیاری دا بە کوڵێ

خەمی ئەوینەوە گوندەکەیان جێبێڵێ و بڕوات بۆ ئێران. ماوەی چوار ساڵ ئاوات لە ئێران بوو، لەو ماوەیەشدا ئەڤین ڕەنگی زەرد هەڵدەگەڕا و لاواز دەبوو، تا ڕۆژێك باوکی بە دایکی ئەڤینی وت: ئەم کچە بۆ وای لێهاتووە؟ دایکی ئەڤینیش پێیئەڵێ: تاوانت کرد خەم و خەفەت کچەکەتی وا لێ کردووە. ئەویش تۆزێ بیر دەکاتەوە و دەڵێ تازە ئەو کوڕە لەم گوندەدا نییە، لێرە بوایە رامدەسپارد بێتە پێشەوە و کچەکەمی ئەدەمێ. دایکی ئەم قسانە بۆ ئەڤین ئەگێڕێتەوە و ئەڤینیش پاش هەڵکێشانی هەناسەی ساردی بێ ئاکامی ئەڵێ: دایە تازە چۆن دەنگم دەگاتە ئاوات؟ ئەو لە داخی بڕیارە ناڕەواکەی باوکم سەری خۆی هەڵگرت، ئەڤین هەر لە بیرکردنەوەی ئاواتدا دەبێت، پاش چەند ڕۆژێك خەبەر لە ئاوایی بڵاودەبێتەوە کە ئاوات پاش چوار ساڵ گەڕاوەتەوە بۆ گوندەکەیان بۆ بینینی ئازیزان و ئەویندارەکەی. ئەم هەواڵە ئەڤین خۆشحاڵ دەکات و هەوڵ دەدات خەبەر بە ئاوات بدات کە باوکی ڕازی بووە بیداتێ، ئاواتیش وا هەست دەکات ئاواتەکەی هاتەدی، بۆیە جارێکی تر دەچێتەوە بۆ خوازبێنی ئەڤین و باوکی ئەڤین لە قسەکەی پەشیمان نەبۆتەوە و کچەکەیان دەداتێ، پاش ماوەیەك لە دەزگیرانی و بەسەربردنی کاتی زیوینی ژیان، ئەویندارى ئەڤین وەك گوڵی ژاکاو تینو ئاو بدرێ گەش ئەبێتەوە و لە جاران

جوانتر دەبێت، بڕیار دەدەن ئاهەنگ بگێڕن و گوندەکانی دەورو‌پشتیش بەشداربن لەو ئاهەنگەدا، وەك نەریتێك و خۆسازدان بۆ سەفەری خۆشی ژیان کوڕ و کچ خۆیان دەشۆن تا بۆ بەیانی سیمایان جوانتر بێ، ئەڤین دەچێتە گەرماوەکەی خۆیان و زۆپاکەی کە بردویەتی غاز زۆر دەکات و ئەڤین بێ هۆش دەبێ و دەکەوێ و هەناسەی نایەت و دەخنکێت، ئەم هەواڵە لە ئاواییدا بلاْودەبێتەوە و خەڵکی دێنە ماڵی ئەڤین. تازە ئەڤین گیانی دەرچووە و بە ئاواتەکەی نەگەیشت، خەڵکی دەیبەنە سەرقەبران و بە خاکی دەسپێرن و ئاواتیش خەمی ئەمجارەی خەمی بێ بڕانەوە و بێ کۆتاییە، خەمێکە هەراسانی دەکات، بۆ شەوی دوایی دەچێتە سەرگڵکۆی ئەڤینی خۆشەویستی و بڕیار دەدات کە لەو دنیا پێی شاد بێت و فیشەکێك دەنێ بەسەری خۆیەوە و ئەویش دەمرێت، بۆیە تا ئێستاش خەڵکی ئەو گوندە باسی ئەو ڕووداوە دڵتەزێنە دەکەن و لایان بۆتە باسی گەورەی عەشقی پاك و نموونەی شیرین و فەرهاد و مەم و زین.

***

# بەڵێنی تەمەن

پایزی ساڵی (٢٠٠٧) دوانیوەڕۆیەکی سارد کە ڕەشەبای شار جەستەی جوانی درەختەکانی بەملاولادا دەخستە سەما، و هەرجارەی چەند گەڵایەکیش بەردەبوونەوە و ماڵئاواییان لە گەڵاکانی تر دەکرد بەرە و سەفەرە نادیارەکە ملیان دەنا، و تەنانەت لە چەند چرکە ساتێکدا لە شوێن و لانەی خۆیان وا هەڵدەکەنران لەبەر هەڵمەتی ڕەشەباکە هەندێجار بواریان نەبوو ماڵئاوایی و خواحافیزی لە درەختەکانیشیان بکەن، شار بۆ هەمیشە لەو ساتانەدا بەدی دەکرێ تەنها ورشە ورشی ڕەشەباکە دەستی گرتووە بەسەر هەموو دەنگەکانی تردا، جگە لە ئۆتۆمبیلەکان ڕەوتی ڕێگاوبانیان ئاساییە کەسەکان کەم بەدی دەکرێن. هاوڕێکەم تەلەفونی بۆ کردم وتی: شاعیرێکی هاوڕێمان لە نەخۆشخانەی شۆڕش داخڵ کراوە و پێویستە بچینە لای و سەردانی بکەین. بێ دوودڵی وتم باشە.

ئازیزان مەبەستی چیرۆکەکە لێرەوە دەست پێ دەکات، کە چووینە لای هاوڕێ شاعیرەکەمان، لە ناخی مرۆڤەکاندا هەندێ شتی زۆر جوان بەدی دەکرێت، هەرچەندە ناشرینیش لە هەندێ مرۆڤدا بەرجەستە دەبێ، لەم سەردانەدا خۆشبەختانە

حاڵەتی یەکەم بەدی دەکرێ. ئەو ژوورەی کە هاوڕێکەمانی لێ خەوتبوو تەنها نەخۆشێکی پیری لێ بوو، پاش ئەوەی لە هاوڕێکەمان پرسی هەستم کرد ئەو نەخۆشەی تر خەڵکی شوێنێکی ترە کە کوڕێکی گەنج و باوکی کوڕە گەنجەکە دانیشتبوون و دەزانین گوندنشین بوون. خۆش مەشرەفن و حەزیان لە تێکەڵاوبوون هەیە، لە ماوەیەکی کورتدا یەکتر ناسین دروست بوو، دەرکەوت کە پیاوەکە برای پیرە نەخۆشە و لاوەکەش برازایەتی، هەستمان کرد نەخۆشەکە زۆر لە نەخۆشخانە بێزارە و داوا دەکات دەریکەن و بیبەنەوە ماڵەوە، هەرچەندە پێویست بوو لە ژێر چاودێری پزیشکدا بمێنێتەوە. وتمان باشە بۆ ئەوەنە پەلەیەتی دیارە بیری منداڵەکانی دەکات، پێیانبڵێن با بێنە ئێرە بۆ لای. وتیان: کاکە منداڵی چی هەر ژنیشی نەهێناوە، بۆ وڵاتی ئێمە سەیر و دیاردەیە تەمەنی مرۆڤ بگاتە حەفتا و پێنج ساڵ و ژیانی هاوسەری پێکنەهێنابێ، بەڵام لە راستیدا شتێکی زۆر ئاساییە و دەگەڕێتەوە بۆ مرۆڤەکە خۆی. نەمویست بچمەناو ژیانی تایبەتی ئەو کەسە و بێدەنگ بووم. پیاوەکە سەیرێکی کردم و وتی: مامۆستا بۆ ناڵێی چۆن ژنی نەهێناوە، زانیم مەبەستێتی بزانم، وتم: حەز ئەکەم بزانم بۆ؟ وتی: لە گوندەکەی خۆمان ئەم برایەم لە گەنجیا حەزی لە کچێك کردووە و بەڵێنی پێداوە کە دەبێ هەر ئەو بێنێ، کچەش وتویەتی سەرم سپی ئەکەم بە دیارتەوە و شوو بە کەسی تر

ناکەم، هەستم کرد بابەتەکە زۆر خۆش و بەچێژە و کەڵکی لێ وەردەگرم. هاوڕێ شاعیرەکەم وتی: جوان بیخەرە هزرتەوە شتێکی لێ دروست ئەکەی. جارجار بەهۆی هاتنەژوورەوەی میوان چیرۆکەکەی ئەوەستان و دوایی دەستی پێ ئەکردەوە، وتم: لە گوندێکدا چ بەربەستێك هەبوو تا ئەم کیژ و کوڕە بەیەك بگەن؟ براکەی ئاخێکی قوڵی هەڵکێشا و وتی: ماڵی کیژە کە خۆیان بە دەوڵەمەند و خانەدان دەزانی و ئێمەشیان بە هەژار و سەپان دائەنا، ئەیانوت کچ بە ئێوە نادەین، بۆیە زۆرجار داوامان ئەکرد، تەنانەت ساڵ نەبوو خەڵك رانەسپێرین، بێ سوود بوو.

ئەم برایەم کە ناوی (محمود)ە، قسەی هەمومانی شکاند و ژنی نەهێنا، زۆر مەبەستم بوو بزانم خۆشەویستەکەی مەحمود چی بەسەر هات، بەڵێ خوێنەری بەڕێز وتم باشە ئەی کچەکە؟ وتی بەخوا ئەویش هەر وەك مەحمودی برام دانیشتووە و سەری سپی هۆنیەوە بە دیارییەوە، ئەویش خوازبێنی زۆری هەبوو، بەڵێنەکەی خۆی نەشکاند و تا ئێستا هەر کیژە و لە گوندییە، ئینجا هەستم کرد مام مەحمود پەلەی چییەتی بەو هەستە جوان و خۆشەویستییە پاکەوە گوێ بە نەخۆشیەکەی نادات و دەیەوێ چاوی بە ئەویندارەکەی بکەوێ، تەنانەت بیرێك هات بە مێشکمدا وتم: کاکە بیبەنەوە بە بینینی ئەویندارەکەی پێموایە چاك ئەبێتەوە، ئەو رۆژە تا درەنگ ئەو باسە سەرسامی کردم و

هاتمە ئەو بڕوایەی كە خۆشەویستی پاك و جوان لەم وڵاتەدا بوونی هەرماوە، لەگەڵ مام مەحمودی عاشقیش كەوتمە گفتوگۆ و مام محمود زوو زوو بانگی فاتمەی دەكرد و دەیوت ئا ئا فاتمە فاتمە لە كوێی؟! ئینجا زانیم فاتمە خۆشەویستەكەیەتی و زۆر بیری دەكات. تۆ بڵێی ئەم دوو مرۆڤە تاونیان چی بێت دەكرێنە قوربانی كەلتورێكی پڕ لە بەدی نەهاتنی حەزەكانیان! تۆ بڵێی چەند مام محمود و فاتمە ئاواتەكانیان چووبنە ژێر خاك و نەبووبنە هاوسەر؟! پاش ماوەیەكی دوور هەواڵم پێگەیی خۆشەویستەكەی مام محمود كۆچی دوایی كردووە وماڵئاوایی لەو بەڵێن و راستگۆیە كردووە!! ئینجا جارێكی تر هزرم ئەو رۆژەی نەخۆشخانەی كەوتەوە یاد، كە بە نەخۆشی و بەو حاڵەوە چەند مام محمود بۆ فاتمەی خۆشەویستی پەرێشان بوو! تۆ بڵێی پاش مەرگی تاقانە خۆشەویستەكەی مام محمود چی بەسەر هاتبێ؟ دەبێ ئەویش دوای ئەو بە ئازار و كەسەری مەرگی خۆشەویستەكەی سەری نەنابێتەوە؟ تۆ بڵێی فاتمە لە گۆڕیشدا چاوەڕێی محمودی خۆشەویستی نەكا؟

تاكەی دڵەكان بە یەك شاد نەبن، تاكەی بەربەستی كۆمەڵایەتی ببێتە لەمپەر بۆ بە یەكگەیشتن.

***

## بێ وەفایی

ئەو چەمکەیە کە پێناسە و مەودای جیا جیا وەردەگرێ، و لای هەر کەسێك بەپێی ڕوانین و شێوازی ژیانی خۆی دەیناسێنێ، بەڵام لەناو کۆمەڵگەدا زۆر دابونەریت و خوڕەوشت هەندێجار دەبنە ناسنامەی ئەو کۆمەڵگەیە، ئەویش چەندین فاکتەر و هۆکار وا دەکەن کە ئەو ڕەوشت و بیرکردنەوانە لەناو ئەو کۆمەڵگەیەدا بە ڕوونی ببینرێن، بێ وەفایی یەکێکە لەو دیاردانەی کە یەخەی تاکی کۆمەڵی کوردەواری گرتووە و ڕەنگدانەوەی لەناو کۆمەڵیشدا بەدی دەکرێت، چیرۆکی ڕاستەقینەی ئەمجارەمان باس لەو دیاردە دزێوە دەکات کە بە تایبەتی لەناو کوڕان و کچانی ئێمەدا بوونی هەیە، بۆیە مێژوونووسی گەورەی کورد شەرەفخانی بەدلیسی لەبارەی وەفاوە وتویەتی: ناوی وەفا هەر لە ناوی جنۆکە و دێو دەچن، کەس نازانێ لە کوێن و چۆن و چین.

شێرزاد کوڕێکی گەنج و جوان و سەرنجڕاکێش بوو، تازە خەریك بوو چرۆی حەز و خواستی ئەوین لە دڵیدا جێگیر دەبوو، بە ڕێکەوت شۆخێکی بەرچاو دەکەوێ و عاشقی دەبێت و ڕازەکەی دڵی بۆ دەدرکێنێ، بەڵێن بە یەکتر دەدەن یان دەبێ

بۆ یەکتربن یان دەبێ بۆ گڵ بن. هەرچەندە شێرزاد مامۆستایە و لە خێزانێکی هەژار و دەست کورتە، بەڵام لە سەرەتاوە خۆشەویستییەکی فراوانی بۆ شەرمنی خۆشەویستی دەربڕی و پێیدەوت: ڕاستە ئێمە سەروەت و سامانمان نییە، بەڵام هەموو ژیانمت پێدەبەخشم و جار جارە لە نامە عاشقانەکانیدا شیعرەکەی مامۆستا ئەحمد هەردی بۆ دەنووسی کە دەڵێ:

**گەرچی دڵداری لە خاکی ئێمەدا ئەفسانەیە**
**هەر بە تەنیا بۆ کوڕی خاوەن تەلار و عانەیە**
**ئەمما دڵی من گیانەکەم لەو دڵە شێتانەیە**
**بێ ئەوەی هیچ شك بەرێ کوژراوی ئەو چاوانەیە**

شەونمی ئەوینداریشی لە وەڵامدا دەیگوت: شێرزاد گیان خۆشەویستی مەبەستە، سەروەت و سامان و ماڵی دونیا لای من نابنە پارسەنگی خۆشەویستی و ڕاستگۆیی و وەفا، تکایە تاقانەکەم باسی ئەو شتانە مەکە، چونکە لای من تەنها خۆت گەورەترین و مەزنترین مرۆڤی. شێرزاد بەم قسانەی شەونم زۆر بەختەوەر دەبێ و پێیدەڵێ: شەونم گیان هەوڵ دەدەم لە مووچەی مانگانەکەم بڕێك پاشەکەوت دەکەم، تا وردە وردە ماڵێکی خنجیلانە دروست دەکەین، هەر ئەو خانوەی کە لەگەڵ دایك و باوکی تیایدا ژیان بەسەردەبەن چاك دەکات و پاش دوو

ساڵێ ژیانی خۆشەویستی تێپەڕ دەبێ و شێرزاد بە شەونم دەڵێ: لەم ماوەیەدا دەنێرمە داوات و خوازبێنیت دەكەم. شەونم بە شێرزاد دەڵێ: لەگەڵ باوكم سەفەرێكمان هەیە و (١٥) ڕۆژی تر دێمەوە، كە هاتینەوە ئەو كارە خێرەی دەمێكە چاوەڕوانین ئەنجامی دەدەین. شێرزادیش هیوای سەفەری خۆشی بۆ دەخوازێ و پێیدەڵێ: شەونم گیان چاو لە ڕێتم و بە هیوای گەڕانەوەت و سەلامەتیتان. چەند ڕۆژێك پاش تێپەڕبوونی (١٥) ڕۆژەكە شێرزاد چاوەڕوانی خۆشەویستەكەی دەكات، بەڵام دیار نییە.

ڕۆژێك شەونم تەلەفون بۆ شێرزادی خۆشەویستی دەكات و دەڵێ: من چوومەتە وڵاتی ئیتاڵیا و شووم بە كوڕێكی هاندەرانی كردووە، تازە بە تەمای من مەبە و ماڵئاوا، بۆیە پێموتی تا چاوەڕوانی من نەكەی!؟ شێرزاد كە ئەم قسانە دەبیستێ واقی وڕدەمێنێ و بێزارییەكی زۆر دایدەگرێ و تووشی شۆك دەبێ، دیارە سەفەرەكەی ئەوەبوو كە جێی هێشتووە. شێرزادی بەوەفاو خاوەن هەڵوێست نازانێ چی بكا و چی بە كەسوكار و هاوڕێ و خزمەكانی بڵێ، بۆیە تاقە شتێك كە هانای بۆ بەرێت و بێ وەفای شەونمی تیا دەربڕێ دەست دانە شیعر و نووسینە. ئێستا شێرزاد گەنجێكی بەهرەمەندە و شیعرەكانی دەربڕی ناخی بێوەفایی ئەو كچەیە، بۆ هەمیشە

جلوبەرگی ڕەش دەپۆشیٚ و بڕیاری داوە تا مردن بۆ ڕاستی و وەفا و خۆشەویستی ڕاستەقینەی خۆی بژی. ساتیٚ شەونم هەست دەکات شێرزاد ئەوەندە بەوەفایە و ڕاستگۆیی بۆتە هەوێنی بەڵێنەکانی، زۆر پەشیمانە و تووشی ئازارێکی دەروونی زۆر بووە و تازە پەشیمانی دادی نادات و بەو خەمەوە دەتلێتەوە، دەکریٚ ئەمە بکەینە پەند و وانەی لیٚ فێر بین کە سەروەت و سامان خۆشەویستیمان بیر نەباتەوە.

***

## پەری بە خەمی خۆشەوسیتەكەیەوە سەری نایەوە

پەری ئەو كیژەی دەیان خەونی تایبەتی هەبوو بۆ ژیان و لە ئەندێشە قوڵەكانیدا پەری ئاسا باڵی بۆ سەما و ئاسمانی ئازادی جوان دەكردەوە، لە خێزانێكی خوێندەوار پەروەردە ببوو، دوو برا و خوشكێكی تری هەبوو خوێندكاری ئامادەیی و زانكۆ بوون، پەری كیژێكی زۆر ورد و ئارام و لەسەرخۆ بوو، هاوڕێكانی زۆریان خۆشدەویست، بۆ گشت كارێك پرسیان پێ دەكرد، پەری تەمەنی تەنها بیست و دوو ساڵ بوو خوێندكاری زانكۆ بوو. ڕۆژێك لەگەڵ هاوڕێیەكی دەچنە ئاهەنگێكی مۆسیقا و ماوەیەك دڵ و مێشك و ڕۆحیان بە جیهانە پڕ سیحراوییەكەی هونەری مۆسقا ئاشنا دەكەن، كە ئاهەنگەكە كۆتایی دێت، دلێری مۆسیقاژەن كە ڕۆڵێكی دیاری دەگێڕا لە ئاهەنگەكەدا خەڵكێكی زۆر لەوانەی كە ئامادەبوون، دەستخۆشی لێ دەكەن و داوای سەركەوتنی بۆ دەخوازن، پەریش وەك خەڵكانی تر دەچێت دەستخۆشی لە دلێر دەكات، هەرچەندە دلێر وەك كەسانی تر سەیری پەری كرد، بەلاّم بینینی دلێر لە لایەن پەرییەوە بووە ئەو سیحرەی كە كەس نهێنییەكەی نازانێت، تەنها دڵی پەری نەبێت، ئەویش ئەوین و خۆشەویستییە، هەر

ئەم هەستە گەورەیە وای کرد ڕۆژی دواتر پەری بە خۆی و چەپکێ گوڵی پیرۆزباییەوە بچێتەوە ئاهەنگەکە و دڵە پڕ لە میهر و سۆزەکەی بەو دیارییە بۆ دلێر واڵا بکات و پێی بڵێت کە لای ئەو بۆتە ئەفسانەیەکی گەورە و نهێنی. ئەو لەو ساتەی چەپکە گوڵ بە خەندەوە باوەشی ئەوین بۆ ئەویندار دەکاتەوە، خونچە دەمی هەردوو ئەویندار بە خەندەیەك چرۆ دەکەن، لەو ساتەوە دلێریش دڵی بووە لانەی عەشق و ئازارێکی پڕ لە حەسرەت، ئاهەنگەکە کۆتایی هات و جارێکی تریش دڵی دلێر و پەری تامەزرۆی بینینی یەکتر دەکەن و خەمی ئەوە دەخۆن بۆچی رازی دڵی ئەوینیان نەگۆڕییەوە؟ لەم بیرکردنەوانەدا دەبن بە هەمیشەیی، ڕۆژێك پەری لە زانکۆ دەگەڕێتەوە و دلێریش دەیەوێت بچێتە بازاڕ، بە ڕێکەوت چاوی دلێر دەفڕێتە سەر لقی باڵای بەژنێکی هاوشێوەی پەری، کاتێك نزیك دەبێتەوە چاوی لەگەڵ دڵی زۆر راستگۆ بوو، پەری هاتەبەردەمی دلێر، پاش شڵەژانێکی دوو لایەنەیی هەستپێکراو، دوای هەواڵ پرسین باشترین بەیەکگەیشتن و دیدار تەنها لە ڕێگای وەرگرتنی ژمارەی مۆبایل بوو، بۆیە دلێر بە شپرزەیی و دڵە خورپەوە دەڵێ: پەری خان ژمارەی مۆبایلەکەتم بدەرێ، با لام بێت، پەریش لە دلێر زیاتر تامەزرۆ بوو، بۆیە بە باشە و بەسەرچاو وەڵامی دەداتەوە. ماڵئاوایی لە یەکتر دەکەن، ئەم دیدارە بوو بە

کلیلی بە یەکگەیشتنی رازی دڵی هەردوو لا، دلێر لە بیری ئەوەدا بوو چۆن تەلەفون بۆ پەری بکات و رازی دڵی خۆی پێبڵێت، هەر بۆیە دلێر مۆبایلەکەی هەڵدەگرێت و خێرا پەیوەندی دەکات بە پەرییەوە. ساتێك زەنگی مۆبایلەکەی پەری لێیدا، دڵی کەوتە پەلە پەل، پێشتر دلێر زۆر بەو قسەیە خۆی رادەهێنا کە ئەوین مافێکی ئاسایی و سروشتی مرۆڤە، بەمە دڵخۆشی خۆی دەدایەوە کە بە پەری بڵێت زۆر گونجاوە بۆ ئەو، هەر ئەم هەستە بوو وای لە دلێر کرد، نهێنی خۆی بۆ ئاشکرا بکات و سەرسامی خۆی بۆ ئەوینی پەری دەربڕێت، ئەویش بێ چەند و چوون رەزامەندی دەربڕی و پەیامەکەی وەرگرت. پاش چەندینجار دانیشتن و تەلەفۆنکردن بۆ یەکتر، دلێر بڕیاریدا بچێتە خوازبێنی پەری، باوکی پەری کە بەم پەیوەندییە دەزانێت دەبێتە رێگر لە بەردەم ئەم ئەوینەدا، دوای چەندینجار داخوازی کردن، ڕازی نابن. شەوێك باوکی پەری بانگی کچەکەی دەکات و هەڕەشەی کوشتنی لێ دەکات و پێی دەڵێت: تۆ حەیای منت بردووە، من بە ئارەزووی خۆم دەتدەم بە شوو، ئیتر پەری ژیانی لێ تاڵ دەبێت و دەزانێت خولیا و ئاواتەکانی زیندەبەچاڵ دەبن، باوکی پەری هەرچەندە خۆی بە رۆشنبیر دەزانێت، بەڵام کردار و رەفتاری لەگەڵ خێزانەکەیدا زۆر توند و نامرۆڤانەیە، هەر بۆ ئەوەی قسەی کچەکەی سەر

نەگرێت و بە دڵی خۆی هاوسەر دیاری نەکات، کەسێکی تر کە پێشتر داوای پەری کردبوو، بەڵام پەری ڕازی نەبوو شووی پێ بکات، دەیهێنێتەوە بیری پەری و زۆری لێ دەکات دەبێت شوو بەو کوڕە بکات، دایك و برا و خوشکەکانیشی لە ترسی باوکیان هیچ هەڵوێستێکیان نابێت و بێدەنگی هەڵدەبژێرن، بۆیە دلێر ئاگادار دەکەنەوە کە بە هیچ شێوەیەك باسی ئەو کچە نەکات لەوەی کە نایدەنێ، خۆشەویستی و ئەوینی دلێر بۆ پەری ئەوەندە مەزنە خەوێکی هەمیشەییە، کە دەزانێت پەری لە ناخۆشیدایە و ژیانی تاڵ بووە، خەم و خەفەتی زۆر دەبێتە هاوبەشی هەمیشەیی دلێر، بۆ ئەوەی پەری لەو ئازارە ڕزگاری بێت، دلێر ناچارە بڵێت، پەری گیان من حەز بەو هەموو ئازارەی تۆ ناکەم، چارمان چییە..؟ پەرییش دەڵێت: من هیچ دەسەڵاتێکم نییە و نازانم چی بکەم، هەر ئەو خەفەتە گەورەیەی ئەوینی دلێر پەری نەخۆش دەخات و ڕۆژبەڕۆژ، ڕەنگی گوڵ ئاسا دەژاکێت و سیس دەبێت، تا هیچ بەرگرییەکی پێ ناهێڵێت و بە تەواوی پەکی دەخات، کە دەیبەن بۆ سەردانی پزیشك لە پشکنینەکەدا دەردەکەوێت هیچی نییە تەنها خەم و خەفەت نەبێت. دلێر لە تاوی پەری بڕیاری دەستبەرداربوون لەو ئەوینەی خۆی دەدات و بە پەری دەڵێت: من دەزانم ئەم ئەوینەی ئێمە ناگاتە ئەنجام، منیش زۆر بەو خەمانەی تۆ

خەمبارم، دوا بڕیار دەدەن کە لە یەکتری دوور بکەونەوە و پەریش شوو بەو کوڕە بکات کە باوکی مەبەستییەتی. پەری بەمە زیاتر نەخۆش دەکەوێت تا وایلێدێت بەو خەمەوە سەردەنێتەوە و ماڵئاوایی لە گشت ئەو خولیایانە دەکات کە بەدی نەهاتن، لە دوای مەرگی پەری دلێریش بووەتە ئەو مرۆڤەی تەنها لاشەیەکە و جوڵەی تێدایە زۆر جار دەڵێت: بەدبەختی ئەوەیە لە قۆناغی زانکۆ و خێزانێکی خوێندەوار ڕێگای پێ نەدەن بژی، ئیتر دنیای شارستانی و پێشکەوتووی ئەم کۆمەڵگەیە کامەیە؟! دلێر ڕۆژانە لای هاوڕێ نزیکەکانی خەمی دڵی بە دەربڕین بە با دەدات و بڕوای بە وشە بریقەدارەکانی ئازادی و ڕۆشنبیری و مافی مرۆڤ نەماوە و ئەوینە سەرنەکەوتووەکەی خۆی و پەری خوێندکاری زانکۆ باس دەکات و دەیکاتە نموونە.

***

## جەژنی نەورۆز و قوربانیدان

چەند ساڵێك پێش ڕاپەڕینە مەزنەکەی گەلەکەمان ڕژێم بە تەواوی دەستی گرتبوو بەسەر کوردستاندا و لاوانی خستبووە ژێر چاودێری و زوڵم و ستەمی نابووەوە. ئارام ناوێك خوێندکاری زانکۆی سەلاحەدینە لە قۆناغی سێهەم، هەستێکی بەرز و ناخێکی کڵپەی پڕ لە ئاگری شۆڕش دڵدا بوونی هەیە و دڵسۆز و بە ئەمەك و بە ڕەوشتییەکەی بۆتە جێی سەرنج و ڕێزدانان بۆی لە لایەن هاوڕێکانی و کەسوکارییەوە، لەگەڵ ئەمانەشدا هەستێکی پاکی ئەویندارى هەیە بۆ (ئارەزوو)ی خۆشەویستی کە ئەویش هەر خوێندکاری زانکۆیە لەگەڵ ئارام. ئارام پێشتر پەیوەندی کردووە بە ڕێکخستنە نهێنیەکانی ناو شار.

ئەو ساڵە ساڵێکی پڕ لە باران و بەفر و تووش بوو، شەوانە کە کوڕانی گەل خۆیان ئەکرد بەناو شاردا و تەقەی تفەنگ و گرمەی ئاربیجی لە چەند شوێنێکی شاردا، شاری لە بێدەنگی و خامۆشی دەرباز دەکرد، گەنج و لاوەکانیش ئەیانووت بە هاتنی پێشمەرگە شار روناك بۆتەوە و کەسانی بە ئەزموونیش ئەیانووت (ئەمشەو شەوی پێشمەرگەیە).

دوای كۆتایی هاتنی چالاكییەكانی كوڕانی گەل بۆ بەیانی چەند گەنجێك راپێچی زیندانەكان دەكران و بۆ دواجار چاویان بە شار و كەسوكاریاندا دەگێڕا و ئیتر بۆ ئەبەد نەئەگەڕانەوە.

ئارام كە لە شاری هەولێر بوو لە بەشی ناوخۆیی، كاریگەری كردبووەسەر هاوڕێكانی، لە ڕێگەی ئیزگەكەی دەنگی خەڵك و شۆڕش ئاگای لە چالاكییەكان ئەبوو، دیارە ئیزگە ورە و هەناسەی شۆڕش بوو، بۆیە كە بانگەوازی (تۆڵە بە سەبرە ئەمما بە زەبرە)ی ڕادەگەیاند، خەڵكی تێئەگەیشتن لە تۆڵەی ئەو گەنج و لاوە بێ تاوان و بێ گوناهانەی ڕۆژانە بەدیار چاوی كەسوكار و هاوڕێكانیان گوللەباران دەكرانو پارەی فیشەكانیان لێ دەسەندن. لە ناوەڕاستی مانگی (٣)ی ئەو ساڵە خوێندكاران پشوو دەدرێن و دەچنەوە شارەكانی خۆیان، فەرمانێك لە ڕژێمەوە دەرچوو كەنابێ بە هیچ جۆرێك ئاگری نەورۆز بكرێتەوە تا پشێوی و خۆپیشاندان روونەدات، ڕێكخستنەكانیش كەوتنە خۆیان تا فەرمانەكەی ڕژێم سەركەوتوو نەبێ. بۆیە وتیان هەردەبێ ئاگر بكەینەوە كە هێمای شۆڕش و كوردایەتی و جەژنی سەری ساڵی كوردییە و هێمای روناكیو جوانیو گەشیو نوێبوونەوە و سەركەوتنە، ئارەزوو بە ئارام دەڵێ: خۆشەویستەكەم توخوا ئاگات لە خۆت

بێ، ئێوە بە نیازن دژ بە فەرمانەكەی ئەوان بن‌و ئەوانیش ڕێگرن لە ئاگر كردنەوە، با تووشی كێشە و گرفت نەبن، لە وەڵامدا ئارام بە ئارەزوو دەڵێ: گیانێك نەبێتە بڵێسەی گڕی نەورۆز ئەو گیانە بڕزێ و مار و دووپشك بیخوات باشترە، تكایە ئارەزوو گیان وا مەڵێ تكایە، تۆش هاوڕێكانت هانبدە با یادی تاقانە جەژنەكەی خۆمان بكەینەوە و نەهێڵین بڵێسەكەی لە دڵ و دەروون و چاومان كز بكرێت، ئارەزووش ئەڵێ: باشە ئارام گیان بە چاوان، بەڵام ئاگات لە خۆت و هاوڕێكانت بێ، چونكە ئەوان دەست ناپارێزن.

ئێوارەی (٢٠)ی مانگی (٣) هەست بە نائارمی‌و شێواوی شار دەكرا، ڕژێم هێزەكانی بڵاوكردبۆوە و لاوانی شاریش كەوتبوونە چرپە و جوڵە تا لە چەند لایەكەوە ئاگر بكەنەوە، ئاگر كرایەوە و سرورودی (ئەم ڕۆژی ساڵی تازەیە نەورۆز هاتەوە) بێ دەنگی شكانەوە و شاری خرۆشاند و هەندێ وتەی بەرەنگاری كەوتەناو خەڵكەوە لەوانە، (نەورۆز جەژنی كوردانە نیشانەی بەرخوردانە). خەڵكی شار سات بە سات كۆئەبوونەوە و وتەكانیان ئەوتەوە، لەناو خۆپیشاندەراندا دەنگێكی زوڵاڵ پێشڕەوی دەكرد كە ئارامی خوێندكاری ژیر و دڵسۆز بوو. ئەوەندەی نەبرد پیاوەكانی ڕژێم كەوتنە تەقەكردن لە جەماوەری خۆپیشاندەر چەند خوێندكارێك گیانیان سپارد،

ئارەزوو تاسا بوو چاوەڕێ بوو هەواڵی سەلامەتی خۆشەویستەکەی پێ بگات، دەنگ بڵاوبۆوە کە (٤) خوێندکار شەهید بوون و یەکێکیان خوێندکاری زانکۆی سەلاحەدینە و ناوی ئارامە، هاوڕێکانی نەیانهێشت لاشەی سووربووی بە خوێنی ئارام دەست پیاوانی ڕژێم بکەوێت و بردیانەوە ماڵی خۆیان و گەڕەك و شاریش بەم هەواڵە ماتەم دایگرت. ئارەزووی خۆشەویستی ئارام کە زانی ئارام شەهید بووە دەستی کرد بە گریان و قژ ڕنینەوە و هاواری دەکرد: ئاگری نەورۆز بڵێسەکەی گیانی سەدانی وەك ئارامە و دەبێ هەر نێڵەی بێ و دوژمنان چاویان کوێر بێ، کۆڵانەکەی ماڵی ئارام جمەی دەهات لە خەڵکی گەڕەك، لەناکاو پیاوانی ڕژێم دابارینەسەر گەڕەك و دەستڕێژی گوللە دەستی پێ کرد، ئارەزووش بەرەو ڕووی تەقەکان چوو دەیگوت: منیش دوای ئارام ژیانم ناوێ، دەبێ لاشەم بکەمە خەڵات و قوربانی جەژنی نەورۆز، بەردێکی بە دەستەوە بوو لە پشتەوە کێشای بەسەری چەکدارێکی ڕژێم و خستییەسەر زەوی و پەلاماری چەکەکەی داو خەڵتانی خوێنی کرد و دەستی کرد بە تەقەکردن ڕووبەڕووی دوژمن. پاش ئەوەی چەند کەسێکی لێ کوشتن فیشەکێك بەر سەری کەوت و پرچ و کەزیە ئاوریشمییەکەی شەلاڵی خوێن بوو، کەوتە سەر زەوی و شەهید بوو، لە

مەراسیمێکی گەورە و پڕ لە جۆش و خرۆشی شۆڕشگێڕانەدا ئارام و ئارەزوو بە خاك سپێردران و لە پێناوی جەژنی نەورۆزدا گیانیان سپارد و بوونە قوربانی جەژنی نەتەوەکەیان، ئەوینەکەشیان بردە باوەشی دایکی نیشتمان.

***

**دوای هەشت ساڵ خۆشەویستی نازانم بۆ جێیهێشتم؟!**

ئێوارەیەکی هاوینی ساڵی (٢٠٠٠) کە خەڵکی پۆل پۆل لە ماڵ دەرچوون و بۆ پشوودان و گەڕانی دوای ئارامگرتنی گەرمای نیوەڕۆ، منیش یەکێك بووم لەو کەسانە لە ماڵ دەرچووم تا بەرەو بازاڕ هەنگاو بنێم بۆ ویستگەی پاسەکان کە چەند کۆڵانێك خوار ماڵی خۆمان بوو، ئەو ڕێگەیەی هەمیشە منی دەگەیاندە پاسەکان کۆڵانێك بوو وەك کۆڵانەکانی تر، بەڵام ئەو جارەی کە خورپەی بە دڵم خستو کچێکی شۆخ و شەنگم بینی، لای من لە گشت کۆڵانەکانی تری شار جوانترو سەرنجڕاکێشترە، هەر چەندە تا ئەو کاتە قیریش نەکرابوو، دەمەوێ سەرنجی بەرهەم لەم چیرۆکەوە بگێڕمەوە کە چۆن ئەوینی پڕ لە پرسیار بەرامبەر ئەویندارەکەی دەگێڕێتەوە بەرهەم وتی: ساتێ ئەو کچەم بینی لە کۆڵانەکەدا خۆشم نازانم بۆچی سەرنجم چووە سەر باڵاو لام هێندەی پەری جوان بوو، من تێر سەرنجم داو ئەویش هەستی بە سەرنجی من کرد، بۆیە هێندە نازێکی جوانی کرد کە تا ئێستاش ڕۆیشتنە شێواز مراوییەکەی و سەرجولانەکەی و ئاوڕێکی بەتیلەی چاوە ڕەشەکانی بوونەتە جوانترین وێنە لە هزر و بیری مندا.

ڕاستە وتویانە خۆشەویستی لە یەکەم بینینەوە دروست دەبێ، من پشت ڕاستی ئەو وتەیە دەکەمەوە، چونکە بەسەر خۆمدا هات، لەو بینینەوە شلێرم خۆشویست. شەو و ڕۆژ ئارامی لێ هەڵگرتبووم و هەمیشە لە خەیاڵی ئەودا بووم، تا ڕۆژێك بە بیرمدا هات نامەیەکی جوانی عاشقانەی بۆ بنووسم و لە فرسەتێکدا زیاد لە دە جار بە کۆڵانەکەیاندا دەڕۆیشتم، تا چەند کوڕێکی ئەو کۆڵانە ئاگاداریان کردمەوە ئەگەر ئەوەندە بەویدا بڕۆم تووشی ئازارم دەکەن! گوێم بە ئەوانیش نەدا تا ڕۆژێك بەر شالاوی ئەوان کەوتم و باشیان لێدام و سەروچاوم خوێناوی بوو، لەبەر خاتری خۆشەویستیم بۆ شلێر قبوڵم کرد و گوێم پێنەدا، تەنانەت بێجگە لە لێدان تووشی زیندانی کردنیش هاتم، هەر کۆڵم نەداو خۆشمئەویست، ئەویش بەو خۆشەویستییەی من ڕازی بوو، ئەوەندە دڵم خۆش بوو ژیان لای من زۆر جوان بوو بەهۆی شلێری خۆشەویستم شارەکەی خۆمم لە هەموو شارەکانی دنیا پێ جوانتر بوو، چونکە شلێری تیا بوو، تا ئێستا دڵی شلێرم نەشکاندووە، چونکە دەمزانی دڵی ئەو بەشێکە لە دڵی خۆم، کەسیش دڵی خۆی پێ ناشکێت، هەرچی ئەو بە دڵی ببوایە و حەزی لێبووایە بێ دڵیم نەدەکرد و بۆم دەکڕی، چونکە یەکەمجار کە بینیم مەکری بەسەرا کردم، هەموو نازو مەکرەکانیم هەڵگرت، جارجارە خۆی عاجز ئەکرد

هەر خۆم ئاشتم ئەکردەوە، لە کاتی خوازبێنی و داواکردنیدا داوای زۆر شتی لیٚ کردم لەبەر ئەوەی خۆشمئەویست چی ویست بۆم کرد، بەلاٚم گومانم نەبوو کە کەسێکە هیوایەتی سەروەت و سامان و ماڵی دنیایە، چونکە ئەیوت بەرهەم ئەوانە هەر بۆ خۆتن، تا کاتی گواستنەوەی ئاهەنگێکی زۆر خۆش و گەورەمان ساز کرد.

پاش تەنها مانگێك لە ژیانی هاوسەریمان کە کۆتایی مانگی (١٢ / ٢٠٠٨) بوو بە یەکەوە هەڵمان کرد، ڕۆژێك لە ماڵ دەرچوو بیٚ هیچ کێشە و زویربوونێك، تەلەفۆنم بۆ کرد وتم: شلێر لە کوێی بێم بە دواتا؟ وتی: تازە نابیٚ بێی بە دواما من و تۆ ناگونجێین و لە گەڵتا ناژیم! چەند جار پرسیارم لیٚ کردووە تەنها ئەڵیٚ ناگونجێین و داوای جیابونەوەم لیٚ دەکات، منیش نازانم هۆکاری دڵتەنگی و زویربوونی شلێری خۆشەویستو هاوسەرم چییە و دڵم ناتوانیٚ بڕیاری جیابوونەوە بدات، هەرچەندە ئەو سوورە لەسەر ئەو بڕیارە، بۆیە زۆرکار و هەنگاوم ئەنجامداوە کە بزانم بۆ شلێر وا دەکات، تا ئێستاش کە بۆ مانگێك دەچیٚ بە ماڵی خۆمانم نەوتووە تۆراوە، خۆشم ناچمەوە ماڵی خۆمان تا لەبەر چاوی دایك و برا و باوك و خوشکەکانم شەرمەزار نەبم، بە ڕاستی لای ئەوان دەڵێم لە ماڵی خزمانین یان لە ماڵی خەزورمم، بۆیە ئێستام لەو کاتە

ناخۆشترە کە کەوتبوومە دەریای قوڵی ئەوینی شلێرەوە، بەڵام ئێستا بۆ دابڕانیو ئەو کاتە بۆ بە یەکتر گەیشتنی، من دڵنیام گوێگرێکی باشی بەرنامەی بێدارانی شەوە، تکام وایە ڕێگا چارەیەکم بۆ دابنێن، تا ژیانم ئەوەندەی تر نوقمی دەریای خەم و خەفەت نەبێت.

***

## شێت بوون کێ لێی بەرپرسە؟

هەندێ تایبەتمەندی هەن کە تایبەتن بە تاك، بەڵام دەکرێ ئەوانی تر ڕۆڵیان هەبێ لە باشکردن یان خراپکردنیاندا، هەرچەندە لەم کۆمەڵگەیەی ئێمەدا زۆرجار تایبەتمەندی نامێنێ‌و دەست وەردان لەو تایبەتمەندیانە دەبێتە دیاردە و زۆرجاریش ئەو دەست وەردانە بە تەواوی بەرەو ئاقارێکی خراپ مرۆڤەکە ئاراستە دەکەن و ژیانی تاریك دەکەن، وەك لەم چیرۆکە ڕاستەقینەیە هەستی پێ دەکرێت.

سەوسەن کیژێکی جوان و شۆخ و شەنگە، تەمەنی (١٥) ساڵە لە پۆلی سێیەمی ناوەندی دەخوێنێت، لە ناکاو ڕۆژێك تووشی ژانە سەر دەبێت‌و ئازاری سەری ئارامی لێ هەڵدەگرێ، ناتوانێ بچێتەوە بۆ خوێندنگە، براکانی دەیبەنە سەردانی پزیشك و چارەسەر وەردەگرێت، سەوسەن لە خێزانێکی هەژار و دەست کورتدا دەژی و دوو براو سێ خوشکن بە سەوسەنەوە. ڕۆژ بە ڕۆژ بارودۆخی زیاتر تێکدەچێ لە جیاتی باشتربوونی، بۆیە بە ناچاری هانا دەبەنە بەر شێخ و پیاوچاکان و دەیبەنە سەردانی زۆر لەو پیاوچاکانە لە ناوچەکانی کوردستان، بەڵام هیچ چاك نابێ‌و ڕۆژ بە ڕۆژ خراپتر دەبێ، لەبەرئەم هۆیە واز لە

خوێندن دەهێنێ و ماڵەوەشیان زۆر خەمبار دەبن بەهۆی نەخۆشی سەوسەنی كچیان، دوو براكەی سەوسەن خەریكی كرێكاریو كاسبی كردنن، چونكە باوكیان مۆمی تەمەنی بەرەو كزبوون چووە و ئەركی بژێوی خێزانەكە كەوتۆتە سەرشانی دوو كوڕەكەی. ڕۆژێك بۆ چوونەسەر كار لە ڕێگا دوو براكەی سەوسەن لە ئوتومبیلێكدا دەبن لەگەڵ ئوتومبیلێكی تردا بەیەكدا دەكێشن و هەردوو براكە بە خەستی بریندار دەبن و دەبرێنە نەخۆشخانە، بەڵام لەبەر سەختی برینەكەیان بە داخەوە هەردووكیان گیان لە دەست دەدەن وماڵئاوایی لە ژیان دەكەن.
پێش ئەو ڕووداوە لەو خێزانەدا تەنها خەمێك بوونی هەبوو، ئەویش خەمی سەوسەنی نەخۆش بوو، بەڵام ئێستا خەمەكان بوونە سێ خەم، كە ئەوانیش خەمی بژێوی و خەمی مەرگی دوو كوڕ و خەمی سەوسەنیش كە كۆتایی نایەت، ڕەنگدانەوەی ئەم خەمانە لەسەر دەروونی باوكی سەوسەن و ئاڵۆزیان دەبێتە هۆی گیان لە دەستدانی و ماڵئاوایی كردن لە ژیان. ئێستا لە خێزانەكەدا تەنها سێ خوشك و دایكێك لە ژیاندا ماون، تۆ بڵێی قەدەر و چارەنووسی سەوسەن و دوو خوشكەكەی و دایكە پیرەكەیان بەرەو كوێ بڕوات؟

بە تێپەڕبوونی كات سەوسەن نەخۆشییەكەی بەرەو خراپتر دەڕوات و هیلاكی دەكات، چونكە لە بنەڕەتەوە سەوسەن نەخۆشی دەروونی هەبووە و لە ئەنجامی بیركردنەوە وای بەسەر

هاتووە، ئەو هەموو خەمەی تریش دەبنە سەرباری خەمەکانی تری و زیاتر دەروونی هیلاك دەکەن و بەرەو ئەو ئاراستە خراپەی دەبات کە خەڵکی ناوی شێتی لێ دەنێن، با بزانین کۆمەڵگە چۆن مامەڵە لەگەڵ ئەو کەسانە دەکات کە وەك سەوسەنن و پێیاندەڵێن شێت؟ یان زیاتر سەر دەکەنە سەریان و خراپتریان دەکەن؟

پێش ئەوەی وەڵامەکە لە چیرۆکەکە وەربگرن لای خۆتان وەڵامەکە پێدەچێ بۆ هەر کەسێك جیاواز بێت، بەڵێ ئازیزان با بچینەوە لای سەوسەن و بزانین چی بەسەرهات؟

لەبەرنەبوونی شوێنێك لە شارەکەی خۆیدا کە دالدەی ئەو کەسانە بدات تا کێشەی کۆمەلایەتی تریان بۆ دروست نەبێ، بەردەوام هەردوو خوشکەکەی و دایکی ئاگایان لێیەتی، بەلاْم سەختی ئازارەکانی سەوسەن بە خێزانەکەی چار ناکرێ و وای لێ هاتووە بەردەوام شەڕیان لە گەڵدا دەکات و دەچێتە کۆلان، بەلاْم ئەفسوس لە کۆلاْنیش منالاْنی گەڕەك و گەنجان زیاتر دەیکەنە بەسەربردنی کاتەکانیان و ئەویش بە بەرد هاویشتن و جنێودان دوایان دەکەوێت. دەکرێ سەوسەنیش وەك ئێستای ئێمە وابوایە تا بەدەم هیلاکی و هەناسەبڕکێ ئەم شیعرەی شاعیری بووتایە کە دەڵێ:

خەڵكینە شـێت نیم شێتی ناو ئێوەم
شەیدای دیمەنی ئـــەم كەژ و كێوەم
بۆ كەوتونە دووم بـەردم تێ ئەگرن؟
ڕێزی مـــرۆڤی خـــۆتان وا ئــەگرن
لـــە جیاتی پاداشتی چـاكە كردنم
تـــــــەوقی شێتیتان نــایە گەردنم

بەڵێ ئازیزان سەوسەن كەوتە كۆڵان و شەوانە بێ لانەیە و هەر شەوەی لە جێگە و سەرتەنورێك بەدەم بێ ئاگایی خۆیەوە رۆژی دەكردەوە، پاش ماوەیەك كەوتە بازاڕ و خەڵكی بازاڕیش خراپتر مامەڵەیان لەگەڵ كرد و ناونرا سەوسەنە شێت. دوو خوشك و دایكەكەشی نەیاندەزانی چی بكەن، كەس نەبوو هاوكاریان بكات، پاش چەند مانگێك هەست دەكرا سەوسەن سكی ئاسایی نییە و بەرزبۆتەوە، ئەمەش كارێكی دزێوی كۆمەڵگەیە كە ئەوەی ناشێ ڕوودات بەدی دەكرێت و دەیبینین كە دوورە لە یاساو ڕێساكانی خواوەند و مرۆڤایەتی، بەڵێ ئازیزان پاش ماوەیەك مناڵێكی بێ باوك دێتە ژیان و كەلێنێكی تری ژیان دێتەناو دەلاقەكەی ماڵی دڵی ئەو مرۆڤە خێر نەدیوە.

تۆ بڵێی ئەو كەسانە چۆن حەزی ناحەزی بێجێیان و ئارەزووە گڵاوەكەیان بەو شێوازە لەگەڵ ئافرەتێكی بێكەس و

ژیان پڕ لە ژان خاڵی بکەنەوە و هەموو سنوورەکان و پێوەرەکانی مرۆڤایەتی تێك بشکێنن؟ خەمەکان هەر گەورە دەبن کەسیش نییە ببێتە ساڕێژکەری برینەکانی کۆمەڵ.

پاش چەند مانگێکی تریش دیسان سەوسەن سکی پڕ ئەبێتەوە و مناڵێکی تری بێناز و بێ گوناه و بێ ئاگا لە دایك ئەبێ، دڵنیام ئەگەر بە دەست خۆی بووایە ئەویش بەو جۆرە لە دایکبوونە رازی نەدەبوو، نەدەهاتە ناو ئەو ژیانەی کە چارەنووسی شێواو و نادیار و بێ ناسنامەی خۆی رەت دەکردەوە و بڕیاری تری ئەدا، خەڵکی بەو بێ ویژدانییەی خۆیان ناوەستن و لە بازاڕدا بە سەوسەن ئەڵێن سەوسەنە شێت، باوکی مناڵەکانت لە کوێیە؟ ئەویش زیاتر تووڕە دەبێت و بەرد بارانیان ئەکات و بە دەم گریانەوە پێیانئەڵێ من شێت نیم ئێوە شێتن بۆ وام لێ دەکەن تا لە هیلاکی و بێزاری خۆی بە دەما دەکەوێت.

لە شەوێکی زستاندا لەبەر سەرما و رەهێڵەی شاردا سەوسەن و دوو مناڵە بێ باوکەکەی بەدەم هەڵلەرزین و بێ بەزەیی خەڵك و سەرما هەرسێکیان دەمرن و بۆ بەیانی خەڵکی هەواڵەکە بڵاو دەکەنەوە و بە خاکیان دەسپێرن.

***

## ئەو ئەوینەی بووە خەمێكی ئەبەدی

**پێش دەسپێك:**

زۆر دەبیستین و پێشتریش بیستراوە كە ئازادی زۆر بە سەختی و قورسی دەستگیری مرۆڤ دەبێت، مەرج نییە تەنیا داگیركاران بێن ئازادی لە تاكو كۆمەڵ زەوت بكەن، بەڵكو زۆرجار بەهۆی بەدحاڵیبوون لە ئازادیو كەمی هۆشیاری بەرامبەر بە ئازادی، ئاكامی خراپی لێ دەكەوێتەوە بەسەر تاك و كۆمەڵدا، هەر بۆیە یەكێك لە بیرمەندان وتویەتی: ( كۆمەڵ ئازاد نابێت، تاكو تاكەكان ئازاد نەبن). هەر بۆیە ئازادی تاكەكان ڕەنگدانەوەیە بۆ ئازادی كۆمەڵ، دەكرێ ئێمە لە خۆمان بپرسین تا چەند ئازادینو تا چەند ڕێگرین لە بەردەم ئازادی ئەوانی تردا؟

لەو كاتەی دنیا دنیای پڕ لە خۆشیو سەردەمی شەپۆلی زانستو زانیاریو پڕ لە گۆڕانكارییە، لەم سەردەمی تێكەڵبوونی كەلتورەكانو بچووكبوونەوەی دنیا بۆ گوندێك، لە سەدەی بیست و یەكدا، دەكرێ مرۆڤێكی هەست ناسك نەتوانێت بچووكترین ئازادی بە خۆی ڕەوا ببینێ، كە ئەویش هەڵبژاردنی ئەو كەسەیە بۆ هاوسەری ژیانی خۆی كە

مەبەستییەتی. لە خوێندنەوەی ئەم چیرۆکە راستەقینەیەدا باشتر بۆت روون دەبێتەوە ئێمە تا چەند ئازادین‌و تاکەکانی کۆمەڵەکەمان سەربەستن لە گشت مافەکانیاندا، لە لایەکی تر بۆت دەردەکەوێت کە لاوان لەناو کۆمەڵدا چەندە بێ مافن‌و زەلیلی دەستی رۆژگار و عەقڵی دواکەوتوون.

## دوو خێزانی جیاواز

ئارام کوڕی دایك‌و باوکێکی خوێندەوار و دەوڵەمەندە، کە ژمارەی کەسانی خێزانەکەیان چوار ئەندامن، واتە دایك‌و باوکی‌و خۆی‌و خوشکێکی، ئارام خوێندکاری پەیمانگای مامۆستایانە، لەناو ئەم خێزانەدا دەتوانین بڵێین بەهۆی ئەوەی باوکی ئەندازیارە و دایکی مامۆستایە، خۆشبەختی‌و بەختەوەریی‌و کامەرانی رووی تێکردوون‌و زۆر ئاسوودەن، بەڵام کێ دەزانێ کامەرانی تا چەند بڕ دەکات‌و بەردەوام دەبێت؟ تۆ بڵێی ئەوینی لاوێك ئەم بەختەوەرییە لە شیرازە بترازێنێ‌و پەپوولەی بەختەوەری لەسەر گوڵی خەندەکانی ئەم خێزانە هەڵفڕێنێ؟

بەڵێ خوێنەری بەڕێز ئەمە خێزانی ئارام بوو، با بزانین خێزانی ژینۆ لە چ بارودۆخێکدا دەژین. ئەم خێزانەش مامناوەندن لە رووی بژێوی و دواکەوتوون لە رووی

هۆشیارییەوە، دەتوانین لەم خێزانەدا ژینۆ بە ئاست بەرزترینیان دابنێین کە خوێندنداری ئامادەییە، ژمارەی ئەندامانی خێزانەکە لە هەشت کەس پێکهاتووە، بەم شێوەیە پێنج برا و دایك و باوکی ژینۆی تاقانە خوشك، تۆ بڵێی ژینۆی خوێندکار بتوانێت بەم ئەوینەی خێزانەکەی ڕازی بکات و ئاواتەکانی خۆی لە هەڵبژاردنی هاوسەری ژیانیدا بێنێتەدی؟

**سەرەتای یەکترناسین**

ئارام و ژینۆ چەند جارێك لە ڕێی قوتابخانە یەکتر دەبینن و سەرنجی یەکتر دەدەن، ئەم بینینانە سەرەتایەك دەبن بۆ چەکەرەکردنی ئەوین لەناو دڵی مرۆڤدا، هەربۆیە ئارام ڕۆژێك لەسەر ڕێگا چاوەڕێیە ژینۆ بێت و ڕازەکانی دڵی پڕ لە حەز و ئەوینی بە گوێی عەشقدا بچرپێنێ و پێیبڵێ کە خۆشی دەوێت، ئەو ئاواتەی ئارام دێتەدی ژینۆ بە زەردەخەنەوە وەڵامی دەداتەوە، چونکە بە هەمان شێوازی ئارام لە دڵی ئەمیشدا عەشق و ئەوین هێلانەی خۆی کردووە، پاش چەندین جار قسەکردن و بیروڕا گۆڕینەوە عەشق و خۆشەویستی هەر بەردەوام دەبێت و تا نزیکەی نۆ مانگ، ئینجا ئارام بە ژینۆ دەڵێ بڕیارم داوە کەسوکارم بنێرم بۆ خوازبێنیت، ژینۆش لە خۆشیدا گەشکە دەیگرێت و زیاتر لە ئەوینی ئارام دڵنیا دەبێت،

بۆیە پێشوازییەکی گەرم لە ویستەکەی ئارام دەکات، چونکە بەمە ئاواتەکانی دێنێتەدی.

**خوازبێنی ژینۆ**

ئارام لای باوکی‌و دایکی ئەوینەکەی باس دەکات‌و داوایان لێ دەکات کە هاوکاری بکەن‌و خوازبێنی ژینۆی بۆ ئەنجام بدەن تا ببێتە هاوسەری ژیانی، دایك‌و باوکی ئارام بەمە ڕازی دەبن‌و دەچن بۆ ماڵی باوکی ژینۆ بۆ خوازبێنی، ماڵی باوکی ژینۆ بێ ئەوەی هیچ پرسێك بە ژینۆ بکەن دەڵێن وەڵامتان دەدەینەوە، ئارام ساتێ ژینۆ دەبینێ دەڵێ وەڵامیان چی دەبێت؟ ژینۆش لەبەرئەوەی هیچ پرسێکی پێ ناکرێت دەڵێ نازانم و کەس هیچی بە من نەوتووە! ماوەیەکی پێدەچێت هیچ وەڵامێك لە لایەن ماڵی باوکی ژینۆ نادرێت بە ماڵی باوکی ئارام، بۆیە بۆ جاری دووەم دەچنەوە، بەڵام ئەمجارەش بە بیانووی ئەوەی کە با باشتر بیری لێبکەنەوە بەڕێیان دەکەن، ماوەیەکیش بۆ چاوەڕوانی وەڵامەکەیان دەوەستن لە جاری سێیەمدا کە دەچنەوە خوازبێنی پێیاندەڵێن ژینۆ بە منداڵی مارە بڕاوە و داومانە بە کوڕێکی خاڵی خۆی بە گەورە بە بچووك، واتە ژن بە ژن بۆیە حەز ناکەین جارێکی تر بێنەوە بۆ ئەم باسە.

**خەم و ئازاری ئارام**

ئەم عەشقە وای کرد کە ئارام هەمیشە بێزار و بێ تاقەت بێتو دڵی خێزانەکەی خۆی بە بێدەنگیو خەمباری خۆی ناخۆش بکات، پاش چەند جارێکی تر بینینی ژینۆ، برایەکی ژینۆ بە ناوی (ئەحمەد) چاودێری وردی خوشکەکەیو ئارام دەکات لەبەرئەوە بۆ چەندجارێك هەڕەشە و توڕەبوونو لێدانی ئارام ئاگری رقی دڵی خۆی دادەمرکێنێو دوا ئاگادارکردنەوەش دەدات بە ئارام کە ئیتر نەچێت بەلای ژینۆی خوشکی دا، بێگومان هەڕەشەش ئاڕاستەی ژینۆش دەکاتو بە بیانوی پاراستنی شەرەفو ئابڕوی خێزانەکەیان ناچار گەر بەردەوام بن هەردووکیان دەکوژێت، بۆ ماوەیەکی زۆر ئارامو ژینۆ ئەوینەکەیان تەنها دوورا و دوورەو یەکتر نابینن.

**ئارام وڵات جێدەهێڵێت**

پاش ئەوەی ئارام بێ ئومێد دەبێت لەوەی کە ژینۆی بدەنێ، بۆیە ژیان لای ئەم زیندانێکی تاریکە و دەیەوێت لێی رابکات، بۆیە بیر دەکاتەوە ئەم وڵاتەی کە جێی عەشق نابێتەوە جێبێڵێت و سەری خۆی هەڵبگرێ بەرەو هەندەرانو ملی رێگای نەهات بگرێت. لەگەڵ چەند هاوڕێیەکی بە رێ دەکەونو دووجار سنووورداش دەکرێنەوە، بەڵام بێزاربوونی لەم وڵاتەدا وا

دەکات سوور بێت لەسەر ڕۆیشتن. بۆ جاری سێیەم پاش ئەوەی ماڵئاوایی لە دایك و باوك و خوشکەکەی دەکات و پەیامێکیش بۆ ژینۆی ئەویندار دەنێرێ، وەك ئەوەی بزانێ دوا سەفەری ماڵئاواییە و جارێکی تر بە دیداریان شاد نابێتەوە.

**هەواڵی مەرگی ئارام**

پاش ئەوەی ئارام ملی ڕێگای هەندەرانی گرت، ماوەیەکی پێدەچێ هیچ هەواڵێکی نابێت، کەسوکاریشی دەکەونە پرسیار لەو کەسانەی کە کوڕیان ڕۆیشتووە یان ئەو کەسانەی لەگەڵی بوون، لە ئەنجامدا هەواڵێکی قورس و ناخۆش بە دڵی کەسوکاری ئارام دەگات کە ئەو بەلەمەی ئارامی تێدا بووە لە دەریای ئیجەی یۆنان نقوم بووە و هەموو هاوڕێ و سەرنشینەکانی کە لەگەڵی بوون خنکاون و تەرمی هیچیان نەدۆزراوەتەوە. ئەم هەواڵە باوك و دایك و خوشك و کەسوکاری ئارام زۆر بێزار دەکەن و خەم دەبێتە میوانی هەمیشەیی ئەم خێزانە.

**خۆ سووتاندنی ژینۆ**

پاش ئەوەی ژینۆ هیچ هەواڵێکی ئارامی ئەویندار نازانێ، بە دزی کەسوکارییەوە ڕۆژێك سەردانی ماڵی باوکی

ئارام دەکات.ژینۆ لە دەرگا دەداتو دایکی ئارام دەرگا لە ژینۆ دەکاتەوە، کاتێ ژینۆ دەبینێ باوەشی پیادا دەکاتو دایکی ئارام دەبووریتەوە، ژینۆش بێ ئاگایە لەوەی کە ئازیزترین کەسی بۆتە خۆراکی ماسییەکانی دەریای ئیجە، واقی وڕدەمێنێو بە دەم گریانەوە دەڵێ چی بووە، خوشکی ئارام بە هەمان دەربڕینی گریانەوە دەڵێ ئارام لە ئیجە خنکاوە!؟ پاش بیستنی ئەم هەواڵە لە لایەن ژینۆوە ئەویش دەبورێتەوەو خەم دەبێتە میوانی هەمیشەیی دڵی پڕ لە ئەوینی، پاش ئەوەی ژینۆ بە ئاگا دێتەوە بێ ئەوەی خواحافیزی بکات بە دڵی ماتەم و خەفەت و چاوی پڕ فرمێسکەوە ملی ڕێگا دەگرێو دەچێتە ماڵەوە، ژینۆ ئەو لاوەی وەك ئەوەی هەموو چراکانی لێ کوژابێتەوەو تازە بە تەمای ئەوە نەبێت پاش ئارامی خۆشەویستی لە ژیاندا بێت، بڕیاری کۆتایی ژیانی خۆی دەداتو مەسینەیەك پڕ دەکات لە نەوت و دەچێتە گەرماوی ماڵی خۆیانو خۆی دەسووتێنێو کۆتایی بە ژیانی دێتو دەبێتە کۆڵو.

ئەمە بوو ئەو چیرۆکە ڕاستەقینەی کە ماوەیەك خوێنەری بەڕێز تۆی خەمبار کرد، دڵنیام زۆر کەس بە شێوازی جیا لەم وڵاتەدا ئەوینەکەیان بە ئاکام ناگات، وەك ئارامو ژینۆی قوربانی کەلتوری بێ بەهاو وابەستە بە دواکەوتوویو ڕێگر

لەبەردەم ئەو ئازادییەی کە لێمان زەوت کراوە، جارێکی تر دڵنیام لە بیستن و بینینی خوێندنەوەی ئەم هەواڵ و ڕووداوانەدا پێوەری ئازادی تاك لەم کۆمەڵەدا دەپێورێ.

***

**تێبینی:**

**کەسایەتییەکانی (ئارام - ژینۆ - ئەحمد) ناوی خواستراون و بەهۆی باری کۆمەڵایەتی وام بە باشزانی ناوەکان بگۆڕم،**

**لە نێوان خەمی هاوسەرەکەی و بەخێو کردنی منداڵەکانیدا**

گەلی کورد مەینەتی و ناخۆشی و پەژارەی زۆری بینیوە، هەر ئەم ئازارانەن کە لەناو ناخی کۆمەڵدا پەنگی خواردۆتەوە، و کاریگەری بەهێزی کردۆتەسەر جەستە و لاشەی کۆمەڵ و لەناو کۆمەڵیشدا هەموو کارو بیرو ئەندێشەکان ڕەنگدانەوەیان دەبێت لەسەر تاکەکان، بەڵێ ئازیزان کێ هەیە لە ئێمە ساتێ باسی شالاوی ناڕەواو قین لە دڵی ئەنفالی بەعسیان بۆ کەسێکی تر باس بکات دڵی پڕ نەبێ لە خورپەی ترس و لە ئازاری بەسوێی دابڕان، و لە هەڵقرچانی هەناسەی دایکانی جگەر سووتاو، لە چاوانی پڕ لە فرمێسکی چاوەڕوانی کەسوکاری ئەنفال کراوەکان. ئەنفال زەمەنە پڕ تاریکەکانی وەیشومەی زۆرداری و هاواری پڕ لە تاسەی میللەتێکی مەزڵوم و گەلێکی دەنگ نووساو و بە هاواری کەس نەبیستووە.

ئەنفال شوناسی مەرگی بێ لاشەی هەزاران کوردی بەدین و لە خوا ترسە، ئەنفال ڕەشەبای وەیشومە و وێرانکەری لانە وماڵی هەژارانی میللەتێکە، لەم چیرۆکە ڕاستەقینەی ئەمجارە مێژووی کارەساتی لە یادنەچووی تەنها خێزانێك کە نموونەی سەدان خێزانی کوردە بۆ ئێوەی گوێگری بەرنامەی

بێدارانی شەو دەگێڕینەوە.

پورە کافەی خاوەن هەشت منداڵ کە هاوسەری ئەنفال کراوە بە ناخی پڕ غوربەت و دڵی پڕ لە حوزن و چاوانی سوور بوو بە فرمێسك بەم جۆرە دەڵێ: هاوسەرەکەم ئامۆزام بوو، پێشئەوەی ببینە هاوسەر خۆشەویستی یەکتر بووین، ماڵمان لە یەکێك لە گوندەکانی گەرمیان بوو، جێژووانی من و جەوهەری خۆشەویستم ناوباخ و مەزاراکانی گوند بوو، ساتێ چاوم بە جەوهەر دەکەوت ئەوەندەی تر دڵم گەش دەبۆوە و دنیام لا جوانتر دەبوو، هەموو جارێ دەمگوت: جەوهەر گیان لە چاوی تۆ و باڵا جوانەکەت دنیا بە جوانی دەبینم. کە جەوهەری ئامۆزا و خۆشەویستم بە زەردەخەنەی گەشی لێوەکانی دەدوا و دەیوت: ئامۆزاگیان تۆ چی دەڵێی؟جوانی تۆ دنیای جوانتر کردووە، دڵ و ڕۆحم هەر بۆ تۆیە و تۆش تاقە گوڵی منی. چەند ساڵێ ئەم خۆشەویستییە پاکەمان بەردەوام بوو، تا بە ڕەزامەندی ماڵی باوکی هەردوو لامان مارەکراین و بووینە هاوسەری یەکتر. ئێمەی گەرمیانی هەمیشە لەناو دڵ و ڕۆحی خۆمان و بە خوێنی باڵامان شۆڕشمان گەورە کردووە، بۆیە لەو دەشتە کاکی بە کاکییەی گەرمیانەدا پێشمەرگە وەك کوڕ و براو کەسوکاری خۆمان هاوبەشی خەباتی ئەوان بووین و ماڵمان دەرگای لەسەر پشت بوو، تا باش داڵدەیان بدەین. من و

جەوهەر حەوت منداڵمان هەبوو تا کاتی گەرمەی هێرشی ئەنفالەکە سکم پڕ بوو بە منداڵی هەشتەم، لە بەر خراپی گوندەکەمان و تۆپباران‌و یارمەتی دانی پێشمەرگە، جەوهەر بەیانیان لەماڵ دەردەچوو، هەواڵی زۆر ناخۆش دەهاتە گوێمان کە گوندەکانی دەوروبەرمان هەموویان ئەنفال کراون، لە گریان زیاتر هیچ چارەیەکمان نەبوو، ئەو ڕۆژە کە جەوهەر لە ماڵ دەرچوو ئێوارە چاوەڕێی بووین بێتەوە ناومان دیار نەبوو، هەموو ڕۆژێ منداڵەکان دەیانووت: دایە باوە بۆ نەهاتەوە؟! منیش دڵخۆشیم دەدانەوە و دەمووت: بەیانی دێتەوە. من و منداڵەکان بەیانیش چاوەڕێی جەوهەر بووین هەر دیار نەبوو، تا وەزعی ژیانمان ڕۆژ بە ڕۆژ قورستر دەبوو، کەسێکی وام نەبوو کاسبیمان بۆ بکات و بمانژێنێ. ئێمە هەر لە چاوەڕوانیدا بووین‌و ناچاریش بووم بەو حاڵەی خۆم کە دووگیان بووم شان بدەمەبەر کاسبی تا منداڵەکانم نەمرن لە برسان، هیچ جێ و ڕێیەك نەبوو رووی تێبکەم، چونکە ماڵ‌و خانوومان سووتابوو، ڕۆژانە دەمووت: خوایە گیان بەم منالآنەوە چی بکەم؟

ماوەیەك هەر ڕۆژەی لە ماڵێك بووین، تا بیرم کردەوە خانویەك بە کرێ بگرم‌و بچمەناوی لەگەڵ منداڵەکانم بێ ئەوەی هیچ شك بەرین لە خواردن‌و راخەر، پاشان بڕیارمدا بگەڕێم بە دوای کارێکدا تا کرێ خانووەکە بدەم‌و منداڵەکانیش بژێنم، لە

تەقتەق خانووم گرتو دەستم کرد بەم ئیشانە، هەنجیر چنینو کنگرو قارچك کردنو نانکردنی مالآن، لەگەڵ ئەو هەموو ماندوبوونو هیلاکییەم ڕۆژانە بیرم دەکردەوە تۆ بڵێی تا دەچمە ماڵەوە جەوهەر نەگەڕابێتەوەو لەگەڵ مناڵەکان ئێستا دانەنیشتبێ، تۆزێ نازی خۆیان بداتێ! زۆر کات منداڵەکان کردبوویان بە پیشە دەیانووت: دایکە باوکمان ئەمڕۆش نەهاتەوە؟! منیش لەتاو ئەوان ئارامم لەبەردەبڕاو دەمووت: ڕۆڵەکانم خوا گەورەیە هەر دێتەوە. ڕۆژان هاتو ڕۆیی، ژیانمان هەر بەو سەختییە مایەوەو کەس ئاوڕی لێ نەدداینەوە.

سێ مانگی پێچوو جەوهەر دیار نەبوو ساڵی (١٩٨٨) خوا مناڵی هەشتەمی پێبەخشیم، لەتاو ژیانی پڕ مەرگەساتم ناوم نا غەمبار، زۆر کەس پێیانئەوتم ئەو کوڕە بە تۆ بەخێو ناکرێ بڕۆ بیدە بە کەسێك، چونکە هەشت مناڵا لەم گرانییە و تۆش جارێ ئیشت پێ ناکرێ زۆر قورسە، منیش ئەمووت: ئەوە ئێوە چی ئەڵێن چۆن کاری وا ئەکەم، هەر ڕۆژێ دێ باوکیان لەو سەفەرە نادیارە بگەڕێتەوە، ئەی ناڵێ مناڵەکەمان چی لێهات، جگە لەوەش چۆن دڵم دێ جگەر سۆزەم فڕێ دەم، مادام خوا داوێتی هەر خۆشی ئەیژێنێ، مناڵەکان لەو ماوەیەدا بێناز و بێ جلوبەرگ بوون، چونکە غەمبار خوا دابووی‌و نەمئەتوانی کار بکەم، هیچ شتێکی واش لە ماڵماندا نەبوو،

پوورە كافە وتی: ئەوەی قەت لە بیرم ناچێتەوە ئەو ڕۆژە بوو كە مناڵەكان داوای چایان لێ كردم، بەڵام سەیرم كرد شەكرمان نەبوو ڕۆیشتم بۆ بازاڕ بێ ئەوەی پارەم پێ بێت چوومە لای دوكاندارێكی خزمی خۆمان وتم: نیو كیلۆ شەكرم بۆ بكێشە و بۆی كێشام، پێش ئەوەی بڕۆم وتم: جارێ پارەم پێ نییە سبەی كە چووم بۆ ئیش پێش هەموو شتێ پارەكە بۆ تۆ ئەهێنم، بەڵام دوكاندارە خزمەكەم بە تووڕەیی هات شەكرەكەی لێ سەندمەوە و كردیەوە ناو فەردەكە و وتی: ئەگەر پارەت پێ نییە شت چۆن ئەكڕی؟ منیش بە گریانەوە گەڕامەوە و هەر كەسێكم توش ئەبوو ئەیوت: بۆ ئەگری چی ڕوویداوە؟! لەبەر بێزاریم جوابی كەسم پێ نەئەدرایەوە، كە هاتمەوە سەیرم كرد مناڵەكان لەبەر ئاگردانەكە دانیشتبوون و چاوەڕێی من بوون شەكریان بۆ بێنم، كە زانیان پێم نییە، دەستیان كردە گریان!

شەوانە بەو جۆرە ڕۆژمان ئەكردەوە، هەموو تەمەنم بە چاوەڕوانی جەوهەر و هیلاكی كار كردن بردە سەر تا ساڵی (٢٠٠٣) كە دڵنیا بووم جەوهەری هاوسەر و ئامۆزا و باوكی منداڵەكانم بەر شاڵاوی كۆچی بە كۆمەڵی ئەنفال كەوتووە و بە تەواوی لێمان دابڕاوە، بەڵام ئێستاش چاوەڕێی هاتنەوەی ئیسكو پروسكی جەوهەر دەكەم تا لە گۆڕستانێكی لای خۆمان بە خاكی بسپێرینو جارجارە سەردانی بكەمو ئەو ژیانە پڕ لە

کارەساتەی خۆمو منداڵەکانمانی بۆ بگێڕمەوە، ئێستاش منداڵەکانم گەورە کردوونو دوانیان بوونە مامۆستاو بە نانی خۆیان گەیشتوونو غەمباریش لە خوێندنی پزیشکیدایە، لە دوا وتەیدا پوورە کافە وتی: داوا لە ژنان دەکەم دوای مردنی هاوسەریان نەکەن منداڵەکانیان پەرەگەندەی ئەملاولا بکەن، چونکە دایکی باش شوێنی باوکیش ئەگرێتەوە.

***

## لە نێوان عەشقی نیشتمان و ئەویندارەکەیدا

ژیانی گەنجان و لاوانی کوردستان پڕ بووە لە ناخۆشی و دوودڵی و دڵەڕاوکێ و خەم و پەژارە، بە تایبەت ئەو ساتانەی دەستی زۆرداری و چەوساندنەوەی داگیرکەران بەهێز بووە، چونکە لاوان زیاتر بەر شالاو و ئازارو ئەشکەنجەی دوژمنانی کورد کەوتوون. ئەم چیرۆکەی بۆ ئێوەی ئازیز و خۆشەویستی دەگێڕینەوە بەسەرهاتی لاوێکی کوردە، دڵنیاین زۆربەی لاو و گەنجانمان هەمان کێشەو گرفتیان هەبووە، بۆیە ئەم چیرۆکەش دەکەینە مشتێ لە نموونەی خەرمانێك.

لە ساڵی ١٩٨٤ گفتوگۆی شۆڕشی نوێی گەلەکەمان لەگەڵ ڕژێمی بەعس ئەنجامدرا بە مەبەستی گەیشتن بە ئامانجەکانی گەلەکەمان، لە ڕێگەی گفتوگۆ و دانوستان کە جۆرێکی تری خەباتە. لەو ساڵەدا کوڕانی شاخ و پێشمەرگە بوێرەکانی شۆڕش بە ئازادانە سەردانی کەسوکار و شارو شارۆچکەکانیان دەکرد، ئاسۆ گەنجێکی بە ئاگاو وشیار کە لە ساڵی (١٩٨٣) ببوو بە پێشمەرگە و لە یەکێك لە تیپەکانی ئەوسا، ئەو لە قۆناغی دووی زانکۆ بوو لە بەرئەوەی پەیوەندی بە ڕێکخستنەوە هەبوو ئاشکرا بوو رایکردو چووە شاخ، ئاسۆ

تا بڵێی کوڕێکی ئازا و خۆشەویست بوو، کوڕی خێزانێکی مامناوەند بوو لە رووی بژێوییەوە، دوو براو دوو خوشکی تری هەبوو، لە کاتی هاتنە ماڵەوە کچێکی جوانو شۆخو شەنگو ژیر کە هەستێکی بەرزی بۆ کوردو شۆڕش هەبوو ئاسۆ دەبینیٚو عاشقی ئارامیو جوانیو هەڵوێستەکانی دەبیٚ، ئەو هەستە لای ئاسۆی پێشمەرگە دروست دەبێتو یەکتریان خۆشدەویٚ، هەر بۆیە لە کاتی قسە کردنو باسکردنی ژیانی شاخو پێشمەرگایەتی رازی دڵی خۆیان ئاشکرا دەکەنو پەرژین بە ئاسۆ دەڵیٚ زۆر حەز دەکەم ببمە پێشمەرگە، ئاسۆش پێیدەڵیٚ بارودۆخی ژیانی شاخ زۆر سەختەو دوژمنەکەشمان درندەیە، تۆ هەر لەناو شاربە، ئەم خۆشەویستییە وا دەکات رۆژێك ئاسۆ بە پەرژین بڵیٚ تۆ رازی ببیتە هاوسەری پێشمەرگەیەك پەرژینیش دەڵیٚ بۆ لە پێشمەرگە باشتر کێیە؟! بە پێکەنینەوە قابیلە شوو بکەین بە جاشو خۆ فرۆشان؟

ئاسۆ و پەرژین رێکدەکەون کە ژیانی هاوسەری پێکبێنن، لە مانگی (١٢ / ١٩٨٩) شیرینی دەخۆنەوە و مارە دەکرێن، ماوەی مانگێك بە دەزگیرانی دەمێننەوەو پاشان ئاسۆ پەرژین دەگوازێتەوەو دەچنە کەژاوەی زێڕینەوە، لەو ماوەیەدا گرژیو ئاڵۆزی دەکەوێتە نێوان شۆڕشو رژێم. بۆسە بۆ چەند فەرماندەیەك دادەنێنو شەهیدیان دەکەن لەوانە سەید کریم و

پاشان لە (٢٤ / ١ / ١٩٨٥) بە پیلانێکی ڕژێم پێشمەرگەی قارەمان و فەرماندەو خۆشەویستی خەڵك مامەڕیشەو سەردارو موحسین شەهید دەکرێن، بە فەرمانی شۆڕش شارو شارۆچکەکان چۆڵ دەکرێن لە پێشمەرگەو دەگەڕێنەوە ناوچە ئازاد کراوەکان، ئاسۆ و پەرژینیش کە تەنها چەند ڕۆژێکە پرۆسەی هاوسەریان ئەنجامداوە دەچنە گوندێکی ئازاد کراو، بەلاَم ئاسۆ بەهۆی ژن گواستنەوە مۆڵەت دەبیٚ، پێشمەرگە دەخرێنە ئامادە باشییەوە، کە ئاسۆ دەزانیٚ پێشمەرگە لە ئامادەباشیدان و ئەویش مۆڵەتە، داوا لە پەرژین دەکات لەگەڵ ماڵەکانی تردا بمێنێتەوەو ئەویش بچێت بۆ لای پێشمەرگەکانی هاوڕێی، بەلاَم پەرژین زۆر تکای لیٚ دەکات و دەڵیٚ: من جاریٚ هەست بە غەریبی دەکەم و تۆش مۆڵەتی، تکایە ئاسۆ جێممەهێڵە من شارم لەبەر خاتری تۆ جێهێشتووە. بەلاَم ئاسۆ دەڵیٚ: پەرژین گیان بۆ من ناخۆش و عەیبەیە هاوڕێکانم بچنە شەڕ و دژ بە دوژمنان بجەنگن، بەلاَم من بێخەم بم، تکایە یارمەتیم بدە دوای چەند ڕۆژێکی تر ئەگەڕێمەوە لات. پەرژین بە گریانەوە ماڵئاوایی لە ئاسۆ دەکات و ئاسۆش دەچێتەوە ناو هاوڕێکانی.

کاتیٚ دەگاتە لای هاوڕێکانی دەبینن ئاسۆ هاتەوە هاوڕێکانی دێنە لای و ماچی دەکەن و پیرۆزبایی ژیانی

هاوسەری لێ دەکەن، ساتێ فەرماندەکەیان دێتە لای پێیدەڵێ: ئاسۆ گیان بۆ هاتویتەوە بڕۆرەوە تۆ جارێ مۆڵەتی، بچۆرەوە لای هاوسەرەکەت. ئاسۆش لە وەڵامدا دەڵێ: خۆم و هاوسەرەکەم حەزمان کرد لاتان بم و پەرژینم داوەتە دەست خێزانی پێشمەرگەکانی تر، ناهێڵن بێتاقەت بێت. فەرماندەکەش هەڵدەستێ ناوچەوانی ئاسۆ ماچ دەکات و پێیدەڵێ میللەتێك رۆڵەی وەك تۆ لەخۆبوردوی تیا بێ چۆن شۆڕشەکەی سەرناکەوێ.

شەوی (١٤ / ٢ / ١٩٨٥) پێشمەرگەکانی کوردستان بە پێی ئەو پلان و نەخشەیەی سەرکردایەتی دایناو دەگەنە دابان هەلاج، ئەو تیپەی ئاسۆ تیایدا پێشمەرگەیە یەکێك دەبێ و لە تیپانە کە لە شوێنی دیاریکراوی خۆیان ئامادە دەبن. بۆ ئێوارەی دوایی واتە (١٥ / ٢ / ١٩٨٥) هەڵمەتی پێشمەرگەکانی کوردستان دەست پێدەکات، لەگەڵ نرکەی ئاربیجیدا پێشمەرگە لە مردن نەترساوەکان دەگەنە ناو ڕەبیەکان و دەیان کوژراو دەکەونە بەردەستی پێشمەرگە. ئاسۆی چاو نەترسیش یەکێك دەبێ لەو قارەمانانەی کە لە مەرگ ناترسێ و بە خەستی بریندار دەکرێ، چەند هاوڕێیەکی لە شەڕەکە دووری دەخەنەوە و لە شاخ دەیهێننە خوار، شەڕ بە سەرکەوتنی گەورە کۆتایی دێ و ئیزگەکەش بە هەواڵی ئەمجارەش بەفر گڕی گرت هەواڵە بلاو

دکاتەوە، ساتێ هاوڕێکانی ئاسۆ دەبیستن وا هاوڕێی تازە زاوایان بریندارە لێی کۆدەبنەوەو ماچی دەکەن‌و دڵخۆشی دەدەنەوەو سوعبەتی لەگەڵ دەکەن، ئەویش هێندە ئازاو بە جەرگ دەبێ زەردەخەنە بە لێوەکانییەوە دیار دەبێت، وردە وردە هەست دەکەن ئاسۆ زیاتر هیلاك دەبێ، هاوڕێکانی هەست دەکەن وادەی ماڵئاوایی یەکجاری ئەو قارەمانە نزیك بۆتەوە، هەموویان دەست دەکەن بە گریان‌و ماچی دەکەن، ئاسۆش بە دەم هەناسەی تەنگەوە شیعرەکەی گۆران دەڵێ کە وتویەتی:

**بڵێن بە بوکی تازەی یەك شەوەم ئەگەر هاتەسەر نەعشم**
**نەڵێ خۆی بۆ وەتەن کوشت و لە ڕێی عەشقی منا نەژیا**
**وەزیفەم بوو لە ڕێی بەرزی ولاتێکا سەرم بەخشم**
**کە تۆی پەروەردە کرد بۆ من لە داوێنی چیاو کەژیا**

بە دوا دەبڕینی وشەی کۆتایی شیعرەکە ئاسۆی قارەمان گیانی بەخت کردو لاشە خوێناویەکەیان هێنایەوە بۆ گوند، و پەرژینی خۆشەویستی بە لاوانەوەی جەرگبڕانەوە و سیمای خوێناوی کە بەپەنجەکانی دەموچاوی خۆی زامدار کرد بوو، ئەو ناوەی تاساند بوو. پاش بە خاکسپاردنی لەو گوندەو هەواڵ زانینی کەسوکاری کە شەهید بووە، دێنە گوندو خەڵکی

ئەویۆ پێشمەرگە پرسەیەکی پڕ شکۆ و بەرێزەوە بۆ ئاسۆ دادەنێن‌و پاش کۆتایی هاتنی پرسەکە کەسوکاری ئاسۆ پەرژین لەگەڵ خۆیاندا دەبەنەوە بۆ شار. لەناو شاریش ئەوەی زانیبێتی ئاسۆ شەهید بووە پرسە دادەنێن، بەڵێ ئازیزان ئەمەیە عەشقی جوان بۆ نیشتمان‌و ئەویندار.

***

## لەسەر خۆشەویستی لوتیان بڕی!

قەدەری ژیانی گەنجی کورد لە کۆمەڵگاکەماندا هیچ پێوەرو پێودانگێکی نییە، کەم ڕێبکەوێ تووشی کامەرانی بێتو پێیبلێن خۆشبەختە، بەلاّم زۆرجار ڕێدەکەوێ تووشی نەهامەتیو تەنگژەیی دەروونیو ئازار و خەمو مەینەت بکرێت، و لە دوایدا پێیبلێن بێ ڕەوشتو بێئاگا و تاوانبار، لە هەمان کاتدا هیچ لەو کارانە ناخرێنە قاڵبی تاوانو ئابڕوچوونو شەرمەزاری. خەندە کیژێکی خانومانو ناسکو نازدارو جوانو سەلارە، بە بەژنو بالاّو چاوەمەستو قژە ئاوریشمەکەی زۆر کەسی سەرگەردان کردووە، بەلاّم خۆی تەنها عاشقی هێمن دەبێ کە گەنجێکی وەکو خۆی ناسکو جوانو ژیرە.

خۆشەویستی ڕاستەقینە دەبێ ڕاستی خۆی بسەلمێنێ، دیارە سەلماندنەکەش بە چوونە پێشەوەو دەربڕینی ڕازی ڕاستی ئەوینەکەیە، دوای چەندجارێك خوازبێنی خەندە لە لایەن هێمنو دەربڕینی ڕازی ڕاستگۆییو پاکی هێمن، بەلاّم باوك و براو کەسوکاری خەندە ڕازی نابن خەندە بدەن بە هێمن، هەرچەندە خەندە تووشی ئازارو گریە وشین دەبێت، بەلاّم بێسوود دەبێ، لە تۆڵەی ئەو خۆشەویستییەی کە خەندە لەگەڵ

هێمن ئەنجامیداوە کەسوکارەکەی بڕیار دەدەن بیدەن بە خزمێکی خۆیان‌و بەزۆر بەشووی بدەن، دیارە کاری بەزۆر ئەنجامی خراپی دەبێت، بۆیە خەندە هیچ سۆزو هەست‌و دەربڕینێکی هاوسەرییانەی بۆ ئەو کوڕە نییە کە بەزۆر دەیدەنێ، و بگرە زۆر لە جاران زیاتر دڵی لای هێمنی تاقە خۆشەویستیەتی‌و هێمنیش لەو زیاتر خۆشیدەوێ.

پاش دوو ساڵ لە هاوسەرگیری، خەندە شەوێك مێردەکەی لە ماڵ نابێ، ئەمە بەفرسەت ئەزانێ و کە هەواڵ بۆ هێمن بنێرێ تا شەو ژووانێك ساز بدەن لە ماڵی خۆیان تا ئەو هەموو سۆزو هەستە پاکە لە ئاوێزانبوونێکدا تێکەڵ بکەن‌و دڵیان ئاسوودە ببێ، پاش دوو ساڵ کە دوو خۆشەویست یەکتر نەبینن‌و فرسەتێکی وایان بۆ رێکبکەوێ دەبێ ئەو کاتە بە چەند بکرێ و چیبکەن. ئەو دوو ئەویندارە، هەر کە هێمن چاوی بە روناکی جوانی خەندە دەکەوێ‌و سەرسام دەبێ‌و لە ئامێزی دەگرێ، بەلاّم خەندە هەمیشە دەڵێ پێویستە سنووری خۆشەویستییەکەمان بە پاکی‌و جوانی رابگرین، هێمنیش خەندە دڵنیا دەکاتەوە کە سنوور نابەزێنێ، پەیوەستە بە پەیمانی راستی دڵی هەردووکیان، لە کاتی ئاوێزان بوون‌و ئاوێتەبوونی دوو جەستەی ماندووی دەستی ناحەزان، لەو کاتەدا شوبرایەکی خەندە خۆی دەکات بە ژووردا و دیمەنی

باوەش بە یەکداکردنی خەندە و هێمن دەبینیٚو چاوی دەچێتە پشتەسەری، کە هەستی پێدەکەن هێمن بە پەلە رادەکاتو ئەو شوێنە جێدەهێڵێو سەری خۆی هەڵدەگرێ، شوبراکەی خەندە، خەندە بە گوریسێك دەبەستێتەوەو هەموو کەسوکارەکەی خۆی بانگ دەکات بە بڕیاری هەموویان خەندە دەبەنە دەشتێکو لەوێ بەبێ بەنج لوتی دەبڕن.

خەندە لە خوێنا جێدەهێڵن تا بمرێو سەگ بیخۆن، هەرچەندە خەندە لەتاو ئازاری لوتی هاوار دەکاتو دەقیژێنێ تا دەبورێتەوە، بەڵام ناتوانێ بڕوات، چونکە دەستو قاچی بەستراوەتەوە تا بەیانی بەو ئازارە لەو دەشتە چۆڵە دەمێنێتەوە، شوانێك بەیانی لەو نزیکانە دەڕوات گوێی لە دەنگی ئافرەتێکە زۆر سەرسام دەبێ کە نزیك دەبێتەوە لێی، تەماشا دەکات خەندەیە لوتی بڕاوەو دەستو قاچیشی بەستراوەتەوە، شوانەکە دەست و پێی دەکاتەوە و لەگەڵ خۆی دەیهێنێتە ئاواییو خەندەش دەچێت خۆی تەسلیمی یەکێتی ژنان دەکاتو ماف مرۆڤی لێ ئاگاداردەکەنەوە و دەیبەنە لای پزیشكو دەیپارێزن.

پاش چەند رۆژێك رێکخراوی ژنانو ماف مرۆڤ دەینێرنە دەرەوەی وڵات و لەوێش لوتی خەندە بە پارچە گوشتێکی قاچی چاك دەکەنەوەو ئێستا دوور لە وڵاتی خۆی کە

نەیانهێشت بە ئارەزووی دڵی خۆی ژیانی دیاری بکات ژیان بەسەر دەبات‌و نکۆڵی لە کەسوکارو هەموو ئەو یاسا کۆمەڵایەتییە کردووە کە ڕاستییەکان دەکرێنە ژێر لێوی بێئاگاو عەقڵ نەخۆش‌و دوا کەوتووەکان.

***

# ڕاستگۆیی کچێك و بێباکی کوڕێك

نازدار کیژێکی جوانو بە ڕەوشتو خاوەن کەسایەتی بوو، زۆر بە گران نەهێنییەکانی ئەدرکان. یەکێك لە هاوڕێکانی نازدار کە زۆر لێی نزیکە، ئەیەوێ ئەو خەمانە بزانێ کە لە ناخیدا هەنو لە سیمایدا ڕەنگ ئەدەنەوە، دیارە خەمەکەشی بچوك نییە، هاوڕێیەکەی هاوڕێی قۆناغی سەرەتاییە و ئەیویست بە ناڕاستەوخۆ زمانی دڵی نازدار بێنێتە گۆ و ڕازەکانی دەربڕێت بۆی، بەڵام نازدار بە هیچ شێوازێك تەنانەت بە وشەیەکیش گرفتەکانی باس نەدەکرد، بۆیە وازی لە شێوازی ناڕاستەوخۆ هێناو ڕۆژێك لە گۆڕەپانی خوێندنگە بە دەم پیاسەکردنەوە لەگەڵ نازدار هۆکاری خەمباری خۆی لێ پرسی، و ئەویش وتی: ببوورە کێشەیەکی تایبەت بە خۆم هەیە، ناتوانم پێتی بڵێم، هاوڕێکەی وتی زۆر نیگەرانم بەو خەمبارییەی تۆ، تکا ئەکەم من وەك خوشکت وام چیت هەیە پێمبڵێ تا بۆت چارەسەر بکەم، هەرنا هاوکاریت بکەم. نازدار لە وەڵامدا دەڵێ: نامەوێ کەس بەو گرفتەم بزانێ. دوای هەڵکێشانی هەناسەی ساردی بێ ئۆقرەیی و خەمی قوڵی ناخی وتی: خەمی من تازە تا مردن کۆتایی نایەتو دەبێ بەو

خەمەوە سەر بنێمەوە. ئەو وتانەی هاوڕێکەی زیاتر سەرسام دەکاتو بە دەم هەنسکی گریانەوە لێی دەپارێتەوەو دەڵێ: نازدار گیان منو تۆ وەك خوشکین تکایە بە دڵسۆزی خۆتم بزانە با هاوکاریت بکەم بۆ لێم دڵنیا نیت؟ هەست بە راستگۆیی هاوڕێکەی دەکات، بەم جۆرە بەسەرهاتەکەی بۆ دەگێڕێتەوەو دەڵێ: خەمی من پەیوەندی بە منو کەسێکی تر هەیە کە کوڕێکە ناوی کاروانە، ئەترسم کە بۆت باس بکەم بەبێ رەوشت دامبنێیو تۆش خۆتم لێ دوور بگری؟ جارێکی تر هاوڕێیکەی دڵنیای دەکاتەوە کە لای ئەو بە ئاسایی وەری بگرێ.

نازدار دەڵێ: دوای ئەوەی کاروانم لە ڕێگەی خوێندنگە ناسیو بووە خۆشەویستمو خۆی لێ نزیك کردمەوەو بە کەسێکی راستگۆ و بە رەوشتو دڵپاكو دڵسۆز خۆی پێ ناساندم، منیش لەبەر دڵپاکی خۆم وام هەست کرد بە راستی ئەو کوڕە پەپوولەیە و خوا بە منی بەخشیوەو هۆگری عەشقی بووم، بەڵام ئێستا لێی بە گومانمو وا هەست ئەکەم درۆ ئەکاتو هەموو ئەو شتانەی کە ئەیکات بۆ فریودانم بە کاری ئەهێنێو وا هەست ئەکەم خۆشیناوێمو تەنها جەستەی ئەوێم، لەو کاتەدا هاوڕێیەکەی نازدار قسەکانی پێ ئەبڕێتو ئەڵێ کێ ئەڵێ وایە بۆ تاقی ناکەیتەوە؟

نازداریش بە هەناسە هەڵکێشانەوە ئەڵێ: تاقی کردنەوە پاش چی پاش ئەوەی کار لە کار ترازاوەو دوو ساڵە پەیوەندیمان هەیەو هەموو شتێکمان بە یەکەوە کردووەو کارەسات بە سەرما هاتووە؟ کە باسی کارەساتی کرد هاوڕێیەکەی تێگەیشت ئەوەی نەدەبوو روویدایە دیارە بەسەر نازداردا رووی داوە! دڵی پڕ بوو لە خەمو گەرووی پڕ بوو لە گریان، بە دەم هەنسکی گریانەوە نازدار وتی: چیت پێبڵێم کچێنیم لە دەست داوەو نازانم چی بکەم، ئیتر چۆن خەمبار نەبم! هاوڕێیەکەی وتی: چۆن ئەمە روویدا بۆ هێشتت؟ نازدار وتی: دوای ئەوەی بە راستی هۆگری بووم، رۆژێك لە بازاڕ بینیم وتی ئەگەر پێتخۆش بێ ئەچین بۆ ماڵی پورم تا بیانناسی، منیش بە دوودڵییەوە رازی بووم، چونکە متمانەم پێی هەبوو، کاتێ چووین ماڵەکە هەستم کرد دەستی بۆ پیرۆزییەکانم بردوو منیش تکام کرد وازبێنێ، بەڵام ئەو هەر سوور بوو لەسەر ئەو کارە، وەك هەموو شتەکانی تر رازی کردم بەوەی تازە ئێمە بۆ یەکین پاش ئەوە منیش رازی بووم، چونکە زۆر متمانەم پێی هەبوو. جار جار ئەیوت: ئەگەر تۆ بە راستی منت بوێ نابێ دەست بێنیتە رێگام. بە هەرحاڵ ئەوەی نەدەبوو روویدا لەو ماڵە روویدا، کە ئێرە لە ماڵی پورت ناچێ بۆ ئەمهێنی بۆ ئێرە؟ وتی قەیناکە چی بووە، بەڵام دوایی بۆم دەرکەوت ماڵی ئافرەتێکی لەشفرۆشە و پارەی داوەو منی بۆ ئەو ماڵە هێناوە

لەگەڵ بكات، پاشان من لە كاروان نیگەران بووم‌و لێی توورەبووم ئەو وتی: من بە ڕاستی تۆم خۆشئەوێ ئەوانە كەی كێشەن، تۆ هاوسەری خۆمی. منیش وا هەست ئەكەم گرنگی بە ڕۆحم نادات تەنها بۆ جەستەم منی ئەوێ، ئیتر چۆن خەمبار نەبم، بۆیە نازدار داوای لە هاوڕێكەی دەكات ڕێگا چارەی بۆ دابنێن‌و ئەو كێشەیەی بۆ چارەسەر بكات.

***

## هانا و داد بۆ کێ ببات؟

لە چیرۆکی ئەمجارەماندا لەگەڵ گێڕانەوەی بەسەرهاتی دوو ئەویندار سەرنجتان بۆ ئەو نامەیەی کە ئاڕاستەمان کراوە ڕادەکێشین، کە دەڵێ: (تکایە هانام بۆ بەرنامەی بێدارانی شەو هێناوە فریامان کەون تا ژیانمان لە دەست نەچووە) هەرچەندە لە نامەکەدا کە کوڕەکە نوسیویەتی زۆر بە کورتی باسی بەسەرهاتەکەیان دەکات، بەڵام دێڕێك ئێمەی سەرسام کرد کە پێدەچێ لە ناخی دڵێکی پڕ لە حەسرەت وشەکان بەرجەستە بووبن و بە زمانێکی ڕاستگۆیانە ئاراستەمان کرابێ کە دەڵێ: (من عاشقێکی شێتم هەموو وێنەکانی ژیان بە کێشراو و نەکێشراوی تەمەن، وەك باڵندەیەکی بێ هێلانە دەبینم و خۆشمان بووینە تابلۆیەکی ون و بێڕەنگ.) بەڵێ ئازیزان لەگەڵ ڕاستگۆیی بەرنامەی بێدارانی شەو و بەدەنگەوەچوونی گشت ئەو کەسانەی دەیانەوێ لە ساباتی ئەم بەرنامەیە ماندوێتی و هیلاکیان بڕەوێتەوە، ئێمەش هەرچیمان پێ بکرێت بۆ میوانانی ئەم سەکۆ و ساباتە لە خزمەتیاندا دەبین.

سەرکەوت کە ئەویندارى خەیاڵە بەم جۆرە بەسەرهاتەکەیان دەگێڕێتەوە: من وەك هەموو گەنجێکی تر

حەزو خولیاو ئاواتم هەیە، گرنگترین ئاواتم هەڵبژاردنی ئەویندارێك بوو بە دڵی خۆم، ماوەی سێ ساڵە دڵم خەیاڵی گرتووەو خۆشمدەوێت، دەمویست ئەو ڕازەی دڵم لای خەیاڵ والآکەم نەمدەزانی چی بکەم. خەیاڵ کیژێکی جوانو شەرمنو ڕێکپۆشو بە ئارام دیارە، سەرەتا ژیانی ئەو کچەم ئاگا لێ نەبوو، بۆیە ویستم لە ڕێگەی قوتابخانە نامەیەکی بدەمێ، بەلآم وەرینەگرتو تووڕە بوو! هاوڕێیەکم لەگەڵ بوو پێیووتم: جنێو و قسەی ناشرینی پێووتی، بەلآم خۆم گوێم لێ نەبوو. ئەم قسەیە بووە هۆی دوورکەوتنەوەم لەو کچە بۆ ماوەیەك، ماڵیانم ئەزانی زۆرجار کە بە لای دەرگاکەیاندا دەڕۆیشتم خورپەو لەرزین سەرتاپای گیانمی داگیر دەکرد، هەر بۆیە بڕوام نەبوو کە بتوانم خەیاڵ فەرامۆش کەم، بەڕێکەوت ڕۆژێك لای ماڵیان ڕۆیشتم لەسەربانی خۆیان بوو، تێر سەرنجم داو ئەویش هەستی بە سەیرکردنە ناسروشتییەکەی من کرد، لە ماڵێکی دراوسێیان کە کوڕەکەیان هاوڕێم بوو ژمارەی تەلەفونیانم وەرگرت، چەندجار تەلەفونم کرد کەسێکی تر تەلەفونەکەی هەڵدەگرت، تا ڕۆژێك گوێم لە دەنگی خەیاڵ بوو، دەربڕینی هەستی دڵ بە تەلەفون ئاسانترە، بۆیە بەو هەموو تامەزرۆیەی دڵم چیم ویست دەرمبڕیو ئەویش ڕازی بوو. تا حەوت مانگ بەردەوام بە تەلەفون قسەمان لەگەڵ یەکتر دەکرد، خەیاڵ ژیانی

خۆی بۆ باس کردم وتی:

من به منالّی دایکم مردووه و باوکم ژنی تری هێناوەتەوە و مامەو پورم منیان گەورە کردوە، ساتیّ ئەو ڕاستیانەی خۆی بۆ باس کردم دلّم پڕ بوو لە گریانو زۆر بەزەییم پیایدا ئەهاتەوە، ڕۆژ بە ڕۆژ خۆشەویستی خەیالّ لەناودلّ و دەروونمدا زیاتر گەورە ئەبوو، تەنانەت وام لێهاتبوو خەریك بوو خۆم لە بیر بچێتەوە، ڕۆژێك هاوڕێکەم کە دراوسێیان بوو، باسی مالّی خەیالّمان کرد وتی: سەرکەوت ئەو کچە وا بزانم مارە کراوە!؟ نەمتوانی خۆم ڕابگرم وتم: شتی وا نییە زۆر شپرزە بووم ڕۆژی دواتر خەیالّ تەلەفۆنی بۆ کردم باسی نەکردو منیش دلّم نەهات هیچ بلّێم،.ئەم هەوالّی شووکردنەی خەیالّ لام بووە گرێیەکی ناخۆشی دەروونمو نازانم چۆن ئەو گرێیە بکەمەوە، تەلەفونم کرد وتم: خەیالّ گیان شتێکم بیستووە شێتی کردووم، بۆ تا ئێستا باست نەکردووە؟ تۆ لە کیّ مارە کراوی؟! خەیالّی خۆشەویستم بە هەنسكو گریانەوە وتی: سەرکەوت گیان بەلّیّ ڕاستە، بەلاّم من بە هیواو ئاواتێك باسم نەکردووە کە ڕازی نابم بەو شووکردنە، چونکە دلّم بەو کەسەوە نییە، من تەمەنم (١١) سالاّن بووە بە وەکیل منیان لەو کوڕە مارە بڕیوە! خۆم ئەزانم ئەو کوڕە زۆر دەولّەمەندەو لە ئەوروپایە، بۆیە منیان داوەتیّ تا پارەیەکی

زۆری لێ بسەنن، بە نیازن کە ئەو کوڕە گەڕایەوە منی بدەنێ، منیش ئێستا خۆم بە کالاَ دەزانم نەك مرۆڤ، قسەم لەگەڵ کردووە کە دەبێ وازم لێبێنێ، ئەو دەڵێ من پارەیەکی زۆرم داوە، هەروا بە ئاسانی دەست بەردارت نابم! جیاشبیتەوە تا مردن ناهێڵم شوو بکەی! سەرکەوت گیان ئەم کێشەیە لەم دوو سێ ڕۆژەدا وا گەورە بووە کە هەواڵی گەڕانەوەی ئەو کوڕە باس دەکەن‌و پێمدەڵێن ئەگەر ڕازی نەبی ئەتکەینە قوربانی یەك گوللە، کێشەکە هەر وەك خۆی ماوەو چاوەڕێن کوڕەکەی هاندەرانی بێتەوەو ئاهەنگ بگێڕن، سەرکەوتیش دەڵێ: چەند جارێك دەمانچەم هەڵگرتووەو ویستومە بچم لای ماڵی خەیاڵی خۆشەویستم خۆم بکوژم لە داخان، بەلاَم پاشگەز بوومەوەو چاوەڕێم گۆڕانکارییەك بە قازانجی من‌و خەیاڵی خۆشەویستم کۆتایی بێ.

لە دوا دێڕی نامەکەی سەرکەوتدا هاتووە تکایە با هاوڕێیانی بێداران چارەمان بۆ بدۆزنەوەو ڕێگەمان بۆ دیاری بکەن پێشئەوەی ژیانمان بکەوێتە ئازارو ئەشکەنجەو خەم‌و دابڕان‌و گریانی هەمیشەیی، پێش ئەوەی ئەو کوڕە بگەڕێتەوە کە بەم نزیکانە بە نیازە بێتەوە کوردستان، هەر ئەم ڕووداو و کارەساتانەیە لاوان‌و گەنجانی وڵاتەکەمان تووشی گرفتی دەروونی‌و کۆمەڵایەتی دەکات‌و سەدانی وەك سەرکەوت‌و

خەیاڵ ئەندێشەو خەونەکانیان زیندەبەچاڵ دەکرێن‌و بە چەند مشتێ پارەو پول دەفرۆشرێن، بۆیە بە شیعرێکی مامۆستا خالد دلێر کۆتایی بەم چیرۆکە دەهێنین کە دەڵێ:

کچ فرۆشتن، کوڕ کـڕیـــــن
لە جێی دڵداری و ئەویــن
بـاوە بۆ پێکهێنـــــــانــی
ژن‌و مێرد یان هـاوسەرین
***

●●●

**بەرهەمە چاپکراوەکانی نووسەر**

**١. وشە رەنگاڵەییەکان.**
**٢. ئاوێزانبوونی سروشت و مێژوو.**
**٣. خواستی خەڵك لە زمانی قەڵەمەوە.**
**٤. روانین بۆ ئایندە.**
**٥. ئەو فرمێسکانەی وشك ناکەن.**

**تێبینی:**
**وێنەی بەرگ تابلۆی هونەرمەندی سویدی (** Evelina Sjöstedt **)ە.**

## ناوەرۆك:


| | |
|---|---|
| • لەبری پێشەکی | ٤ |
| • پەیڤەکانی پێش دەستپێکردنی بەرنامەی بێدارانی شەو | ٦ |
| • ئەم مینبەرەی فریادڕەسە | ١٢ |
| • ئەنفال لە بیرەوەری کچە کوردێکەوە | ١٦ |
| • ئەو تاقانەیەی خەمێکی گەورەی بەجێهێشت | ٢٠ |
| • ئەو ڕۆژەی چەمێك خوشك و برایەکی ڕاپێچی  مەرگ کرد | ٢٥ |
| • ئەو لاوەی وادەی مەرگی خۆی دەزانێت | ٢٨ |
| • ئەوین و مەرگ | ٣٤ |
| • ئەوینێك کە خەمی بێ بڕانەوەیە | ٣٨ |
| • بۆ دەبێ مەرگ بڕیاری ئەویندران بێ | ٤٢ |
| • بەڵێنی تەمەن | ٤٧ |
| • بێ وەفایی | ٥١ |
| • پەری بە خەمی خۆشەویستەکەیەوە سەری نایەوە | ٥٥ |
| • چەژنی نەورۆز و قوربانیدان | ٦٠ |
| • دوای هەشت ساڵ خۆشەویستی نازانم بۆ جێیهێشتم | ٦٥ |
| • شێت بوون کێ لێی بەرپرسە | ٦٩ |
| • ئەو ئەوینەی بووە خەمێکی ئەبەدی | ٧٤ |
| • لە نێوان خەمی هاوسەرەکەی و بەخێوکردنی منالەکانیدا | ٨٢ |
| • لە نێوان عەشقی نیشتمان و ئەویندارەکەیدا | ٨٨ |
| • لەسەر خۆشەویستی لوتیان بڕی | ٩٤ |
| • ڕاستگۆیی کچێك و بێباکی کوڕێك | ٩٨ |
| • هانا و داد بۆ کێ ببات | ١٠٢ |
| • بەرهەمە چاپکراوەکانی نووسەر | ١٠٧ |